

ئێمە
کە بەخێرایی شەڕ
گەورە بووین
نەژاد عەزیز سورمێ
کردوویە بە کوردی
چاپی یەکەم
2022

# ئێمە کە بەخێرایی شەڕ گەورە بووین

## شیعر لە ئەدەبیاتی بێگانەوە

هەڵبژاردن و وەرگێڕانی

نەژاد عەزیز سورمێ

---

چاپی یەکەم

2022

- ئێمە کە بەخێرایی شەڕ گەورە بووین
- شیعر لە ئەدەبیاتی بێگانەوە
- هەڵبژاردن و وەرگێڕانی : نەژاد عزیز سورمێ
- بەرگ و دەرهێنانی هونەری : وەرگێڕ
- خەتی بەرگ: هونەرمەند محمد زادە
- کاری کۆمپیۆتەر : کاروان محەمەد سینۆ
- چاپی یەکەم 2022
- ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی گشتیی کوردستان ( 569 ساڵی 2022 ) .
- نرخ 3000 دینار

## ئاماژە

دیسان بە هەڵبژادەیەکی تری چەند دەقێکی دیکەی شیعریی وەرگێڕدراو پێک دەگەینەوە. ئەمە شەشەمین کۆشیعرە دوای ( *نوستووی بەر باران*) بە دوو چاپ چاپی یەکەم 1980 و چاپی دووەم 2005، (*شوانی بۆشایی*) لە 2010 و (*چەند نامەیەک بۆ تارانتا بابۆ*)-قەسیدەیەکی مەلحەمی نازم حیکمەت بە سێ چاپ و ( *سترانبێژی شەقام* ) لە 2016 و (*خەونمان بۆ زستان دێ*) لە2018 دا لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە هەڵبژاردن و وەرگێڕانی ئەم کۆشیعرەیش بە هەمان پێوەری ئەوانی دی بووە ، واتە: تێکستەکان لە خۆیاندا ئەنگیزەی دیاریکردن و وەرگێڕان بوون و خوولیای کار لەسەر کردنیان دایساوە. هیوادارم ڕۆح و دونیابینی شاعیرەکان و شیعرییەتی تێکستەکانم پاراستبێ .



نیسانی - 2022

## عەبدولوەهاب بەیاتی

- چەند لاپەڕەیەکی بەغدایی نادیار
- مۆتەکەی شەو و ڕۆژان
- کەشیش
- چەند قەسیدەیەکی خۆشەویستی لەبەر حەوت دەروازەکەی دونیا
- نەی
- سترانبێژی کوێر
- لەبارەی کتێبەکانی مێژووەوە
- دیسان لەبارەی کتێبەکانی مێژووەوە
- بۆ یەڵماز گیۆنای
- شاعیر
- سیما
- ژنێک
- بۆ یەشار کەمال
- سۆنیا و ئەفسانە
- ئەو پیاوەی گۆرانی دەچڕی
- نۆ چوارینە

## چەند لاپەڕەیەکی بەغدایی نادیار [1]

(1)

چاوی ئاژاوەگێڕی شەو لە بەغدا
دووچاری شێتیی عاشقانی کردم
باوکم لێی دەپرسیم :
"چی بە نهێنی دەخوێنمەوە و
ئەوەی دەیخوێنمەوە
لە ژێر پێخەودا دەیشارمەوە و

---

(1) ئـەم شـیعرەی بـەیاتی دوا قەسـیدەیەتی کـە بـە ماوەیەکی کورت پێش کۆچی دوایی نووسیویەتی و پـاش مردنـی بـڵاو کراوەتـەوە . بڕوانـە ڕۆژنامـەی ( المـدی) ژمارە 1710 .
https://almadapaper.net/view.php?cat=15242

تا بەرەبەیان بێدار
گوێ لە بانگی کەڵەشێری
هاوسێکان دەگرم ؟
بە خەمەوە وەڵامم دەدایەوە :
بابە ، ئەو کتێبانە دەخوێنمەوە
چەندان چەرخە قەدەغە کراون
لەوانە هەندێ کتێبی جادووگەرین
هەندێ کتێبی سیمیا و
هەندێکیش لەبارەی مردووان و
شارستانییەتەکانی ئاو
هەوڵ ئەدەم
خۆڵەمێشی خۆشەویستی
بکەم بە زێڕ ، یا بە وشە
ئەوانی دیش
بە فرمێسکەکانم نۆژەن بکەمەوە
یا لەسەر بەرپەڕی سپیدا
لاوانەوەی شاژنەکانی ئوور بنووسم

که ئەگریجەی زێڕینی یەکێکیانم
لە مۆزەخانەی بەرلین بینی
وێنەی ئەوی دیشم
لە مۆرێکی قوڕین
دەیگلۆفم
برووسک ، کۆڵانەکانی بەغدا
ڕووناک دەکاتەوە"
دایکم لەو دیو دەرگاوە دەپاڕایەوە
ئەو دەردە بپەڕێنم
بەڵام شێتییەتیم هەر مایەوە و
عەشقم زیاتر ..

(2)

لە گۆڕستانی ( غەزالی ) دا
مردوو دەگریان
درەختیش دەگریان
گیانەوەرێکی درێو

**له پشیلەیەکی گەڕ دەچوو**

**پێیان دەگوت ( زەبزەب)[2]**

**گۆڕی تازەمردوویەکی هەڵدەدایەوە**

**دەستی مردوو دەردەکەوت**

**دەیقرتاند ..**

---

(2) کە مەغۆلەکان چەند هەفتەیەک مابوو بگەنە بەغدا، برسییەتی تەنگی پێ هەڵچنی بوو ئینجا لەباتی ئەوەی چارەیەک بۆگرفتی برسییەتی و قاتیی بدۆزرێتەوە و شوورەکانی شار بەهێز بکرێن بۆ بەرەنگار بوونەوە و بەرپەرچدانەوەی داگیرکاران ، دارودەستەی دوا خەلیفەی عەبباسی دەستیان دایە بڵاو کردنەوەی دەمگۆ و پاگەندە بۆ دەمکوت کردنی خەڵک و ناچار کردنیان بۆ ماڵنشینی و پاراستنی ماڵ و مڵکیان کە ئەمنییەت بەرەو داڕمان دەچوو .

لەو پاگەندەو دەمگۆیانەی ( ئیبنی ئەسیر ) باسی دەکا: گوایە گیانەوەرێک نیوەشەوان دەردەکەوێ گۆڕی مردووان هەڵدەداتەوە و لاشەیان دەخوا ..!

بەڵام ئەمەش خەلیفەی لاوازی لە مەرگ نەپاراست ، لەگەڵ ئەوەی بۆ پارێزگاری لە خۆی تەسلیمی مەغۆلەکانیش بوو .

ژنێک بە جل و بەرگی گوندییان دەیبینی
دەقیژێنێ
لێ گیانەوەری برسی
لە کرۆژتنی نێچیری بەردەوام دەبێ ..
تۆلاز بە شواڕک و بە داسانەوە
لە نێوان گۆڕی مردووانا دەرکەوتن
بەربوونە گیانی زەبزەب
پەکی کەوت و دەستی بە میاوەمیاو کرد و
چنگی قرتێنراوی
بە ڕووی تۆلازەکان بەرز کردەوە
(ئەعراِبی) هەڵاتن ..
وتی : ئەو ساڵانەی نەفرەتیان هێنا
خەڵک برسییە ،
ئەستێرەی دمۆریش
بەسەر گۆڕستانەکانی بەغدا دا دەڕژێن
کێ دەزانێ
دڕندەی بەچۆکداهاتوو

له یادەوەری  دابڕێندراوی گەل دا
ناگەڕێتەوە ،
تا پێش کۆتایی هاتنی ئەم سەدەیە
زیندووان بخوا ؟

(3)

شەیتانی شیعر

بە خۆشەویستی ژنێکی زۆر لە خۆم بچووکتر

فریوی دام

کە پێدەکەنی و دەگریا !

دەپاڕایەوە لە بادەی خۆمی بدەمێ و

فێری نهێنی

گریانی بەکوڵی

(تار)ی بکەم

لەو وەختەی شاعیران دەمرن ..

خانم

له گەڕەكێكی میللی بەغدا دادەنیشت

له واڵا كردنی لینگان و خواردنی هەنجیر

چیتر نازانێ ..

نیوەشەو چاودێریم دەكرد

ئارەزوومی پێ دابمركێنمەوە و

پێش كازیوە

بگەڕێمەوە گۆڕەكەم

بەڵام شەیتان

چاودێری دەكردم

چاودێری ئەویشی دەكرد

فێری دەكرد ،

چۆن بە مەكری مێینان

هێزی ڕۆح و سەرچاوەكانی ئاگرم

لێ زەوت بكا .

بەڵام قەدەر

گاڵتەی بەو و

بە شەیتانی شیعر کرد
من لەو و لەمیش بەهێزترم
ئەوەتا پێشەوام غەیاسەددینی بەغدایی
لە پەراوێزی دەسنووسەکەیدا
( جادووی مێینە )
ڕایسپاردووم
چۆن مەلە
بەم لێشاوە ئینسانییەدا بکەم .

دیمەشق 15-3-1999

## مۆتەکەی شەو و ڕۆژان

زەوی خەون بە لەدایک بوونی پەیامبەرێک
دەبینێ
ئاسۆکان لە داد پڕ بکا
زەوی خەون بە وەلەدبوونی وەرزان دەبینێ
منیش لە شەقامدا تەرمێکم هەڵگرتووە
تا کە شەو داهات
لە باخچەیەک
یا قەحپەخانەیەک بینێژم .

لە قاوەخانەیەک
یا بە تاراییەکی نوور
چەهرەی خۆم لە خوا و لە تۆ بشارمەوە ..
مەست لە شەرمان
دەگریم
گۆرانییەکە دەڵێ :
دوای ئەوەی دەنگی بولبول پڕ کرا
سترانبێژ کە لە قەوانێکدا
گۆرانی بۆ خۆر دەچڕێ
پاش ئەوەی فرۆشرا و
سەری گۆرانیبیژ سپی بوو
خوێنی گوڵیش بەسەر ئاسۆدا هاتە خوار
گۆرانییەکە چی دەوت ؟
چۆلەکەش بەسەر شۆستەی شەودا دەمرن
پەیامبەری چاوەڕوانکراویش
هێشتا لە ئەشکەوتدا نوستووە
هێشتا باران بەسەر دیواری

ماڵە بەساڵاچووەکانەوەیە
سەربانی شارانیش دووگیان و
ڕیکلامی دەڵاڵەکانی خانوو
بە خوێن
لەدایک بوون و مردنی وشە دەنوسێتەوە
منیش تەرمێکم لە شەقاما هەڵگرتووە
ڕووی خۆم لە خوا و لە تۆ شاردووەتەوە .

بۆ دەگری ؟
ئەی ڕووباری ئەفسانەیی
کە شیر دەداتە مەمکی شار
خاشاکی بە ئەسپە تۆپیوەکان و
پاشماوەی گالیسکە تێکشکاوەکانەوە
بەرەو دەریایان هەڵگرتووە..
منیش لەدایک بوونی ڕۆژ
لە چاوی ئەو پشیلانە دەبینم
ئاوزنگ ئەدەن

دوای ئەوەی دەنگی بولبول پڕ کرا و
سترانبێژیش کە گۆرانی بۆ خۆر
لە قەوانێکا دەچڕی ..
تەرمەکە دەگریا
وەختێ من لە شەقامدا بە دوای تۆدا دەگەڕام
کە ڕۆژ مرد پێکگەیشتین
پاشان شەو دوای ڕۆژێ هات
ڕۆژێکی دیش پاش ئەو ڕۆژە و
قەوانەکە دەخوولێتەوە ..
گۆرانیبێژەکەیش بە دەنگێ
سالأن کەرخییان کردووە
هەڵپەیەتی بەو دیو تاریکایی ڕێ دەکا
.. .. .. .. .. ..  ..  ..  ..
.. .. .. .. ..  ..  ..
گۆرانییەکە چی دەوت ؟
چی دەوت گۆرانییەکە ؟

# کەشیش

ڕۆژگاری هاوین و جەستەی گوڵ
کە لەژێر ماچی نووردا دەمرن
لاقەکراوێکی شەکەت
چایش لەسەر ئاگردا دەکوڵێ
- کێ لێرەیە ؟
قەوانێک دەخوولێتەوە
- کەس
شەو لەگەڵ ڕۆژدا یەک دەگرێ

جەستەی گوڵیش لەسەر ئاگرە
تۆیش لە ژێر لێومەوە کاهینێکی
نهێنییان دەدرکێنێ
قوربانییەکە قەساب بە مەمکی ڕووتییەوە
بە دیواری هەڵواسیوە ..
ئەی ئەو ژنەی بە ئەشکەوتەکانی بۆرژان و
ئەفسانە و جادوودا سەر دەکەوێ
دەچێتە باڵ جادووگەر و شەڕوان و شاعیر
گوڵی هاوینەیش کە لە بێشەلانَاندا دەمرێ
لەژێر لێوەکانمدا
نهێنی هەڵخەڵەتێنەری دەدرکێنێ
منداڵیی ڕۆژ و ئەسپی دەریا و
یاقووتی ئەشکەوتەکانی ئاگر و
ترپەی بارانم پێ دەبەخشێ ..

- کەس نییە

له قووڵایی شەوانی بابل دا بووین

بەسەر شوورەکانییەوە شەڕمان دەکرد ..

من و تۆ ڕووپۆشی عاشقانمان پۆشی بوو

بەسەر شوورەکانەوە بووین

لەژێر ماچی ئەو هاوینەدا دەمردین

که نامرێ

به دوای گالیسکەکانی نووردا دەکەوتین

من و تۆ دەیپۆشین ..

هەردووکمان بەسەر قەوانێکەوە بووین

دەخوولایەوە

یاقووتی چاوی جادووگەری شار دەدزین

گۆرانییەکی خەمبار

به گەڕەکەکانیدا دەسووڕێینەوە .

ئەی ژنی لەدایک بوون و مەرگ
کە لە بانگی کەڵەشێر و
پێکەنینی قەرەجە پاشاکان چاوەڕێ دەکەی
لە کوێوە دێی ؟
بۆ کوێ دەچی ؟
ئێمە بەسەر شوورەکانەوە بووین
من و تۆ ڕووپۆشی عاشقانمان پۆشی بوو
مردبووین
قوربانیی خواوەندی قوڕ
بۆ فورات دەنێرین
جەستەی گوڵیش لەژێر ماچی نوورەوە
لاقە کراو و شەکەت
تۆیش پێدەکەنی

بە ڕووتی بۆ خۆر پێدەکەنی
ئێمە بەسەر شوورەکانییەوە
سرووتمان دەنواند
ئەی ئەو ژنەی لە ئەشکەوتەکانی خەودا
لاقە دەکرێی !
لە باخچەکانی فورات
لەژێر ماچی قوڕدا
وەختێ لەدایک دەبی
لە کوێوە دێی و ؟
بۆ کوێ دەچی ؟

## چەند قەسیدەیەکی خۆشەویستی
## لەبەر حەوت دەروازەکەی دونیا

(1)

لە بازنەی ڕوناهییەوە بەرەو مێرگان هەڵدێم
لە خانەی هەسارەکانی دییەوە
بۆ (لووڤەر) دادەبەزم
تەلیسمی شێردراوەی ناو تابلۆکان
بە باڵداری کوێردا دەبەم
عاشقاتیی دەکا

له تاریکاییدا
به وشه و به ئاگری شینی کوژاوەی زەردەپەڕ
به سیمای ( پیکاسۆ)
لەو دیو ڕووی ڕۆژگارە ونبووەکان و
دارستانان
دەیدرەوشێنێتەوە ..
به فلْچه بەرکەوتنێکی
سەر پێستی جەستەی ژن و گوڵ و ئاسمان
به هاواری گاڵتەبازی ڕەشپێست
که دەبینێ ماسکەکەی
له ( لوار) دا نقوم دەبێ ..
دەگەڕێمەوە ماڵەوە –
سەرم ژاوەژاوی شاری بارانێ و
جاڵجاڵۆکەی ئاگری تێدایه
دەرگەی ژوورەکەم دادەخەم ،
خۆم به گاز دەکوژم .

(2)

خۆشەویستم !

هەموو زیندانەکانی دونیای کۆنم ناسین

بەڵام ئێستا

خەریکم زیندانەکانی دونیای نوێ و

زۆرداریی و ڕیسوا کردنی  ڕۆژگاری نوێ و

مردن لە ژێرزەمینەکانی شار و

ژووری ئوتێلە نەفرەت لێکراوەکان بدۆزمەوە ..

زانیم : زۆردار

چۆن پێستیان لە وەختی شکستدا گۆڕی و

دەمامکی تازەیان پۆشی و

گۆرانییە کۆنەکەیان گوتەوە ..

خۆشەویستم !

هەموو زۆردارەکانی دونیای کۆنم بینین

چۆن دەنوون و دەخۆن

چۆن پێدەکەنن و دڵداریێ دەکەن

چۆن دەمرن و دویماهیان پێ دێ

لێ نووکە ،
زۆردارانی دونیای نوێ دەدۆزمەوە
لە ڕۆژگاری لافاو و شۆڕشی مرۆڤ
ماسکی کاراکتەرەکان گۆڕاوە
دونیا کەوتووەتە ژێر چڕنۆکی
وانەدادەری بەر سێبەر و
لەژێر ڕەحمەتی گاڵتەبازان :
فرۆشیاری داروپەردوو
پێش ئەوەی یەکترمان خۆش بوێ
کوشتمانیان خۆشەویستم !
شانۆکەشیان بە خوێن سواخ دا .

(3)

دز لە پاریس هێرشیان بۆ هێنام
دەفتەرەکانیان لێ سەندم
شەشپاڵووی نوور و قیرِیان
لە خوێن سوور کرد و

به مردوویی جێیان هێشتم
بەڵام من پێش بەیانیدان هەستامەوە
خۆشەویستم
گوڵە مێلاقەی کێڵگان و ئێش و ئازاری پیت و
ئاگری ئەم چەرخەم
بۆ نیشتمانی وەک گۆڕ کراوەم هەڵگرتووە .

(4)

( ئارکادیا ) دوای ( نیشاپوور)
جادووگەرەکە بە دەرزیلەیەک
بە نەخشەی جیهانییەوە کرد
بە شوورەیەک دەورەی دا ،
برین دەکاتەوە
خوێن بەسەر کتێبەکانی جادوو
بەسەر جەستەی عاشق و مەعشوقدا
دێتە خوارێ ..

دەرزیلەی ڕاکێشا و لەگەڵی جووت بوو
فانۆسی کوژاندەوە
کێ لە دەرگا دەدا ؟
ئاگرپەرست بە ژێر سێبەری پەلکە دار خورما
گەڕانەوە وڵاتەکەیان
دەگرین و (با)یش دەگری
(ئارکادیا ) پاش ( نیشاپوور)
شەو چەند بێ مەفەرە و
نوور چەند دەست قوچاو
لەم ماڵ و شەقامە لالآنەدا
کە خۆشەویستی و ژیان و مەرگی
لەبەر دەروازەکاندا قەدەغەیە ..

(5)

نووسراوی لاگیریم

پێشکێش بە پەیامبەری خوداوەند و

نوێنەری گەل کرد

تا خۆری خوا

بەسەر سبەینێی

تارمایی و ترسنشین دا هەڵبێ

کەچی حەواڵەی زیندان و پۆلیس و

ژووری ئەشکەنجەدان و

دوورخستنەوە و ونبوونی کردم ..

سککەی خراپ

لە شارەکانی سەردەمی نوێدا

سککەی نوێی باشی وەلا ناوە

کوێری ( ڕۆما )یش نەجیبزادە و

شۆڕشگێڕ و عاشقەکانی دەرکردن

پێڵاوی کون کون و کەلاوەی کەچەڵ و

کەڕەنایان دانان ..

(6)

خۆشەویستی لە کوێوە دێ خۆشەویستم !
کە مەحکووم بین بە  ئیعدام
کە ئێمە لە سێرک و باخچەی ئاژەڵان بین
زمان سۆزانی و مێژوو و وەهم و
نەزۆکی و وێرانە
کە دوو هەزار ساڵە گەمارۆ دراوین و
هەوڵ ئەدەین لە بازنەی سفران دەربچین .

(7)

شەوانە ئەم ئاگرە لە چیای ( قەفقاس )
هەڵدەگرم
بەناو کەرەنایان دەقیژێنم و
بۆرە شۆڕشگێریش
لە نیشتمانی نقوومی نائومێدی
لە ئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو

نووستن و نوێژ
خۆشحاڵترن لەو وڵساتانە و
ئەو سرووشتە بێدەنگە لاڵە
لە نەدارانی شارە نەخۆشەکان و
لە هەرچی و پەرچییە مردووەکانی گوندان
بەڵام من لەگەڵ تولٞعی بەیانیدا
بەسەر شوورەکانەوە لە خاچ دەدرێم .

## نەی

نەی دەگری: ئەوە دارستانن گەورەم
لە ناخی قووڵی زەویدا
بە دوای خۆراکیاندا دەگەڕێن
نەی دەگری: ئەوە باهۆزی پایزە
نەی دەگری: ئەوە قوللەکانن ئاگریان گرتووە
نەی: مرۆڤێک بەرەنگاری مەرگی دەبێتەوە
مەرگی سرووشت و وەرزەکان .

## ستranبێژی کوێر

باران بەسەر مزگەوتەکانی تاران دا دەبارێ
باران و بۆرژان و
هەوری ترس
پەلاماری خەڵک دەدەن
بەڵام سترانبێژی کوێری مەرگ
گۆرانی بۆ مردووە کوێرەکان دەچڕی .

## لەبارەی کتێبەکانی مێژووەوە

کتێبەکانی مێژوو قەحپەن
شەهیدە پیرۆزەکان لەژێر داروپەردوودا دەنێژن
شایەدە ساختەکانیش دەهێڵنەوە .

## دیسان لەبارەی
## کتێبەکانی مێژووەوە

کتێبەکانی مێژوو درۆزنن
ئەسکەندەر قوتابی ئەرستۆ نەبوو
ئەو لە جەللادێک زیاتر نەبوو
کە لە پێناوی داگیرکردندا
داگیری دەکرد
تا ئارەزووی
بە خوێنی سەربازە هەژارەکان بەدی بێنێ .

## بۆ یەلماز گیۆنای

ژن و پیاوێک و شەمەندەفەرێک
لە شەوی ئەنادۆڵ دا
بەبەر ڕووناکییەوە
ژنەکە بە ترسەوە دەڵێ :

( ئەو شەوە چییە ؟)
شار و دێهات و گورگ لە ژێر بەفرا
لەبرسان دەلوورێنن
دووکەڵی تونێلە خواروخێچەکان و
کۆخەی منداڵان و
شەوێک پێشبینی بوومەلەرزەی لێ دەکرێ
پیاوە نوستووەکە بە چرپەوە وتی :
( شەو شەوە )
پیاوێکی دی لەوپەڕی فارغۆنەکەوە
لەژێر ڕووناکی خنکێنراودا
نامەیەک دەنووسێ و
گۆرانییەک دەڵێتەوە
دوای شەڕی دونیا لە باڵکان دا بڵاو بوو
باس لە خۆشەویستییەکی نادیار و
پەیامبەرێکی شاعیر دەکا
خەڵکی شەیدای ببوون
پیاوێک لۆمەی برادەرێکی دەکا و دەڵێ :

( ئەم دونیایە خایین و ئۆینبازە
به بەرەواژی سواری پشتی کەرێ دەبێ )
ژنەکە بە ترسەوە دەگری
پیاوی یەکەم سەرکۆنەی دەکا و
پێی دەڵێ : ( ئەوە چییە؟
سپێدە لە ئانوساتی دایە و
دارستان بە قووڵی هەناسە دەدا
خاکیش لە بەرەژانێ.. )

## شاعیر

ئاگری لە کۆتەکانی بەردا و
وتی دەبێ زیندانەکانی سەرزەمین بڕووخێن
نهێنی خۆشەویستی کارەساتباری خۆی
بۆ باران درکاند
کە لە پەیکەرەکانی نوور
لە میعراجیش شەهید بوو

خۆڵەمێشی خۆی بە قەسیدەیەک سپارد
بوو بە (چاک)ێکی نادیار و
سەردان دەکرا .

## سیما

ڕووت لە ئاوێنەدا : دوو ڕووە
درۆ مەکە
خوا لە ئاوێنەدا دەتبینێ .

## ژنێك

هەموو شەوێ لە گۆڕی دووریدا
دەگەڕێتەوە (تەنەکە)ـاوە
لەگەڵ شەیتان لە ماڵەکانیاندا جووت دەبێ
وێنەی ئەسپ لە با دا دەحیلێنێ
چەندی لە گەڕانیشیدا وەنەوز تینی بۆ دەهێنێ
دەگەڕێتەوە گۆڕەکەی .

## بۆ یەشار کەمال

دیواری ژوورە کەڕولاڵەکان و
زمانی گەلانی کیشوەرانت بڕی
بە توانەوە لە ئاگر و  ژانی داهێنان
بەرەنگاری
کەلاوەی کەچەڵ و بۆرە نووسەران دەبێتەوە
بە ناوی مرۆڤی تژی مەرگ
شۆڕشی داهێنانی
لە داهێناندا داگیرسان .

## سۆنیا و ئەفسانە

ئەوانی دی
لە شەوی نەخۆشخانەدا دەمێننەوە
بێ ئەشک
لەسەر پێخەفێک لە خۆڵەمێشدا
سیس دەبن
( سۆنیا ) نەبێ
لە گۆرانییەکانی (سوندوباد) دەمێنێتەوە
ئەفسانەیەک دەگێڕدرێتەوە و
سترانێک لە تەنیایی قاوشان
لە بیابانی شەوی فەوتاوان
دەگوترێتەوە ..
ئەی کەژاوەی خۆشەویستی خەمگین !
ئازیزانمان ڕۆیشتن

له فرمێسک زیاتریان بۆ بەجێ نەهێشتین
گوڵیش له بێستانی دونیای مەدا
بۆنوبەرامەی بڵاو دەکاتەوه
به تەنیا من
بێ فرمێسک دەمرم .

## ئەو پیاوەی گۆرانی دەچڕی

لەبەر دەروازەکانی ( تاران)ێدا بینیمان ..
بینیمان گۆرانی دەڵێ
وامان زانی (عومەری خەیام)ـه خوشکۆڵێ !
دەم داچەقیو ، برینێکی قووڵی
به هەنییەوه بوو
چاوی وەک سپێده
سوورهەڵگەڕاو
گۆرانی دەوت
نانێک و قورئانێکی

به دەستی ڕاستەوە بوو
بۆمبایەکی بە دەستی ڕاستەوە بوو
عومەری خەیام گۆرانی دەگوت خوشک !
خوا و کێڵگەکانی دۆن
گۆرانی بۆ منالّە لە خاچدراوەکەی
لە باخی شا دا دەڵێن
مەرگ پەنای دابوو
نزیک ئەو
لە جەوسەری دونیای وێدا
بانگی کردین و بانگی کرد
بانگی کەڵەشێر خوشکۆڵە !
لە گۆڕەپانەکەدا بەجێمان هێشت
چاوی نەدەبزووتن
- ( خودا حافیز )
ئەمەی وت و
ئاهی لە دەمدا خنکا
- ( خودا حافیز تاران

خاوەنی شکۆ
خوداحافیز ماڵەکەم
خوداحافیز دایکە ! )
گوللەیەک تەقییەوە و ئاخی لە زاردا خنکا .

❊

لەبەر دەروازەکانی (تاران)ێدا بینیمان
خۆر لە شەودا گۆرانی دەچڕێ
خواوەند و مەرگ گۆرانی دەڵێن
دەم داچەقیو
برینێکی قووڵی بە نێوچەوانەوەیە .

# نۆ چوارینە

(1)

مەسیح خوێنی خۆی بە پاشای کەر فرۆشت
شۆڕشگێڕانیش بەزین و
جیهان لە چڵپاودا نقووم بوو
ڕووپۆشی گاڵتەجاڕانیش
کەوتنە زڵکاوەکانی شەرمەزاری .

(2)

ئاگرم لەسەر پێخەفی خۆشەویستیم کردەوە

لەبەر دەرگایاندا بەجێی هێشتم پیر ببم ،

بڕووخێم

سووتاندمی ، بە خۆڵەمێشییەوە

فووی پیا کردم وەک مار لە دیواریدا نووستی.

(3)

هەڵکەن بە وشە پەتکیان پساند

کەوتنە تاریکایی بیران

پاڵەوانی سەر پەتکانیش

وەک توانەوەی شێوانی شەو لە ڕۆژدا ،

توانەوە .

(4)

سوکرات ! دەبێ مانایەک ببینینەوە و

بەروانکەکان بدڕێنین

دەبێ بیبڕێنینەوە .

دەبێ پێستی مەڕ دابماڵرێ و

ئەو شێواویە بدرێتە بەر شواڕکان .

(5)

سیاسییە پیشەوەرەکان

دارەمەیتان ساف دەکەن

تۆش لە غوربەتدا نە دەژی و نە دەمری

لە چاوەڕوانی ڕێگران

بەفر و ئەستێرە و یاقووت دەتشێرنەوە .

(6)

دەبێ هەڵبژێرین

باهۆز بگرین و سفران بخوولێنینەوە

دەبێ مانایەک

لە پشت بێهوودەیی ژیان بدۆزینەوە

ژیان لەم جەمسەرە داخراوەدا خۆکوژییە .

(7)

دەبێ ڕۆما بڕووخێ و

لەو خۆڵەمێشەدا گەش بێتەوە ئاگر

برووسکە درەختان بسووتێنێ
دەبێ لەم کۆرپەڵە مردووەدا
لەدایک بن شۆڕشڤان.

(8)

دەگەڕێینەوە ، کێ دەزانێ ناگەڕێینەوە
بۆ دایکە زەمین کە کۆرپەی ئومێدی
چاوەڕوانکراوی
لە هەناویدا هەڵدەگرێ و
قووڵی ئەم خەم و بەڵێنانە
پەپوولەی بوون بە دەوری ئاگرماندا
دەخولێتەوە .

(9)

مردووی زیندوو بێ نان و بێ ئامانج
فوو لە خۆڵەمێش دەکا
بەڵکو نیشاپوور
وەک مار بەرگی خەمی دادەکەنێ و
کۆت دەپسێنێ .

## ئانا ئەخماتۆڤا

- کەسێ بەرەو پێش دەڕوا
- تۆ دەژی ، بەڵام من نا
- دەنگێک لەوێدا بوو
- بۆردوومانی نامەکەم مەکە برادەر
- دوا پێک
- تۆ بە خۆت دەزانی

## کەسێ بەرەو پێش دەڕوا

کەسێ بەرەو پێش دەچێ
کەسێکی دی بە شێوەیەکی بازنەیی
دەڕێیێ دایە
ئەمەیان چاوەڕێی گەڕانەوەیە بۆ ماڵی باوکی
ئەوی دییان چاوەڕێی دۆستە کۆنەکەیەتی
لێ من ، دەڕۆم و کارەساتم بە دواوەیە
نە لە ڕێیەکی ڕاست  و نە ڕێیەکی پێچاوپێچ
بەڵکو بۆ ناشوێن ، بۆ نائاراستە
وەک شەمەندەفەرێک
لە ڕێڕەوی خۆی لای دابێ .

## تۆ دەژی ، بەڵام من نا

تۆ دەژی ، بەڵام ڕەنگە من نا
ئەوە دوا بادانەوەیە
ئای بە چ دڵڕەقییەک ،

فرت و فێڵی نادیاری قەدەر
دەستی لە بینەقاقامان ناوە ..
هەر یەک بە شێوازی خۆی دەمانپێکێ
هەر یەک بە ڕۆڵی خۆی
هەر یەک بە بەشی خۆی
هەر گورگێکیش
چار نییە
دەبێ بپێکرێ ..
گورگ کە ئازادن گەورە دەبن
لێ وادەیان کورتە
لەناو بەفر ، لە شەختە ، لە نێو گیادا
هەموو گورگێک
دەبێ بپێکرێ ..
گەر لە گەرما یا لە سەرما بی
کە گوێت لە بانگی خەمبار و
بێئومێدی من بوو
مەگری دۆستی خۆشەویستم !

## دەنگێك لەوێدا بوو

دەنگێک لەوێدا بوو ، بانگی کردم
هێورم بکاتەوە
وتی : وەرە ئێرە !
واز لەو وڵاتە چۆل و هۆڵە هەڵەیە بێنە
تا  هەتایێ ڕووسیا بەجێ بێڵە
من دەستەکانت لە خوێن پاک دەکەمەوە
شوورەیی ڕەش لە دڵت دەردێنم
بە ناوێکی نوێوە دەتشارمەوە
ئازاری خەم و شکستت لێ دادەماڵم
بەڵام من  بە هێمنی و بێباکییەوە
 بە لەپی دەست گوێیەکانم گرتن
تا ئەو قسە سووک و چرووکانە
ڕۆحی خەمگینم گڵاو نەکەن .

## بۆردوومانی نامەکەم مەکە برادەر !

بۆردوومانی نامەکەم مەکە برادەر !
تا کۆتایی بیخوێنەوە
وەڕس بووم لەوەی
لە ڕێگاتدا
نامۆ و نادیار بمێنمەوە .
ئاوا ڕووگرژ و مۆن مەڕوانە !
من خۆشەویستی تۆم ، من بۆ تۆم
من نە شوانم و نە شازادە
دێرنشینیش نیم
ڕەنگە هێشتا
لە پۆشاکی خۆڵەمێشی ئاسایی خۆمدا بم
بەسەر دوو پاژنەی کۆنەوە ..
بەڵام من وەک جاران
لە ئامێزتێوەرێنانێدا گەرمم و

چاوە گەورەکانم تژی ترس دەبن ..
بۆردوومانی نامەکەم مەکە برادەرەکەم !
بە درۆیەکی شیرینەوە مەگری !
نامەکە لە جانتا هەژارەکەی سەفەرت دانێ
لە هەمان قووڵایی بنیدا .

## دوا پێك

پێکی ماڵی کاول هەڵئەدەم
بۆ ژیانی کوێرەوەریم و
ئەو تەنیاییەی پێکەوەی تێداین ..
لە پێناوی تۆشدا
پێکێک دەخۆمەوە
بۆ لێوە درۆیینەکانت
کە ناپاکیان لێ کردم
بۆ چاوە وەک مەرگ ساردەکانت
بۆ ڕاستییەک
کە ئەم جیهانە دڵڕەق و بێ وەفایە ..
خواوەندیش ڕزگاری نەکردین .

## تۆ بە خۆت دەزانی

تۆ خۆت دەزانی
ئاهەنگم
بۆ ڕۆژی تاڵی پێکگەیشتنمان ناوێ
چیت بە یادگاری بۆ بەجێ بێڵم ؟
سێبەرم ؟
چی لە سێبەرم دەکەی ؟
پێشکێشی ئەو شانۆییەی دەکەی سووتاندم و
خۆڵەمێشی لێچووەوە ؟
یا ئەو وێنە دژوارەی ساڵی نوێ
کە ئێستا لە چوارچێوەکەی دێتە دەرێ ؟

یا ئەو مووچڕکە پەنهانەی
دار چنارێ لە گۆشە پەنهانەکان ؟
یا ئەوەی لەبارەی خۆشەویستی ئەوانی دی
لە بێ وەختییان نەمان وتبوو ؟

---

**(ئانا ئەخماتۆڤا)** ، شاعیری ڕووسی بە ڕەگەز ئۆکرانیایی یەکێکە لەو ژنەشاعیرانەی هەمیشە جێی سەرنج بووە و خاڵی کاریگەر لە شیعری نوێی ڕووسی .. ئەخماتۆڤا لە ئۆکراین لەدایک بووە ، لێ زیاتر لە ڕووسیا ژیاوە و بە شاعیری لە پێشەوەی ئەدەبیاتی ڕووس ناسراوە و لە تەمەنی یازدە ساڵییەوە دەستی داوەتە شیعرنووسین و چەند جارێک بۆ خەڵاتی نۆبل دەسنیشان کراوە و بەرهەمەکانی بۆ زۆر زمانی دونیا وەرگێڕدراون .

ئەخماتۆڤا لە بەرەی ئۆپۆزیسۆندا بووە و ناڕازی بووە لە هەڵوێستی شۆڕشی بەلشەفی لە بەرابەر نووسەر و ڕۆشنبیراندا ، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز وڵاتەکەی بەجێ نەهێشت تەنانەت سەرەڕای ئەوەی  هاوسەرەکەیان ساڵی 1921 لە سێدارە دا .

## له شیعری نوێی ئەفغانییەوە

- لەپشتی شەپۆلە وەنەوشەییەکانەوە
- دەنگی ژنانی نیشتمانم
- خەمی خواحافیزی
- بۆنی پرتەقاڵ
- چاوەڕوانی

- لاوانەوەیەک بۆ بێسەروشوێنانی شەڕ -

- زڵکاو
- جەستەم بەرەو قیبلە دانێن
- دایکتان
- ئێمە دەمرین
- پەلاپیتکە
- کەس لێرە نییە
- من (جوبرییل)ێکی خەمبارم
- قژم بڕی

## له پشت شەپۆلە وەنەوشەییەکانەوە

**پارتۆی نادری**

له قورگی شەقامی برینداره‌وه
دەنگی ستەم دەبییەم
هەناسەی تەنیایی هەڵدەمژم
کلۆڵی دەناسم
کلۆڵی
له خوێنهێنەرەکانمدا دەگەڕێ
کلۆڵی
کەوشی من له پێ دەکا
به پێی من دەڕوا
کلۆڵی شەترەنجم لەگەڵ دەکا

ڕووی نەداوە ڕۆژێ پێی بڵێم (کش)
کلۆڵی لە ماڵمە
یاری لەگەڵ منداڵە تاقانەکەم دەکا
نانەکەی دەدزێ
کلۆڵی چاوەکانی پێ بەخشیم
ئێستا من
جیهان بە چاوی ئەوەوە دەبینم
کلۆڵی بە قوڕگی من قەسیدەکانی دەچڕێ
لە دوا لاپەڕەی دەنووسێ ( پارتۆی نادری) .

---

**پارتۆی نادری** : شاعیر و نووسەر ساڵی 1953 لە ویلایەتی (بەدخشان) لەدایک بووە ، بەشی بایەلۆژی لە زانکۆی کابوول تەواو کردووە . تا ئێستا دە کۆشیعری بڵاو کردوونەتەوە . هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی کراون بە ئینگلیزی. بەڕێوەبەری گۆڤارێکی ئەدەبییە .

## دەنگی ژنانی نیشتمانم

**قەنبەر عەلی تابش**

شەوان لە شاردا
گوێم لە دەنگی ژنێکە دەگری
مانگ لە وێنەی نانێکدا دەبینێ
بە دەروازەکانی خواوەندەوەیە
تەمەننا دەکا شەو نەبڕێتەوە
تا گوێی  لە گریانی

منداڵە برسییەکانی نەبێ
کە هێمنی فریشتان
لە نوێژی بەیانیاندا تێک نەدەن ..

شەوان
بە چاوی بە گریانەوە
نزیک پێخەفی کچێک دەوەستم
کە بە چەک لەسەری ڕاوەستاون
تەنانەت مردنیشی پێ ڕەوا نابینن ..

شەوان
نزیک جێخەوی ژنێک دەوەستم
کە بە هەر دوو مەمکی بڕاوەوە
هەناسەی ڕادەگرێ
نەبادا
منداڵە ساواکەی لە خەو هەستێ ..

شەوان
کچێکی وێنەکێش دەبینم
ئەستێران لە تەنیشت یەک دادەنێ
وێنەی نیشتمانێک بکێشێ
لێ ئەستێرە لەگەڵ کازیوەدا
ڕا دەکەن ..

من بە درێژایی شەو
بیر لە ژنانی نیشتمانەکەم دەکەمەوە .

---

**قەنبەر عەلی تابش** : ساڵی 1970 لە ویلایەتی (غەزنە) لەدایک بووە . مناڵ بووە کە خانەوادەکەی دەچنە ئێران زیاتر ئایینی خوێندووە بە تایبەتی لە شاری قوم و بەکالۆریۆسی لە زانکۆی (باقر العلوم) وەرگرتووە و پاشان گەڕاوەتەوە ئەفغانستان و بووە بە مامۆستا لە زانکۆی کابوول.

## خەمی خواحافیزی

عاسف حسێنی

خەمی خواحافیزی
لەسەر پێڵووەکانمدا کەوتووە ..
دەبینی دایە من گەورە بووم !
دەتوانم بەخۆم ڕاوەستم
جیهان بە پێیەکانم بپێوم
لە ئالیی گۆشەگیری باکوورەوە
تا گۆشەی یەکەی باشوور ..
پێدەکەنم
لۆچم  دەکەوێتە ڕوومەتان
دەبینی؟

برادەرەکانم دەڵێن
گەورە بووم و
سنگم دەبەر دایە قورس ببێ
دەبینی ؟

ئەوان دەڵێن
ئادەمزاد
بە قەوارەی خەمەکانیان گەورە دەبن
بە قەوارەی
ئەو چیرۆکانەی نەخوێندراونەتەوە و
ئەو وشانەی کەس نەیبیستوون
دەستم لەسەر گۆڕستانێک
لە وشەی مردوو دادەنێم
ترپەی دڵم بە خێرایی لێ دەدا
پاشان دەوەستێ
لە دونیای مندا کە بە شەشپاڵوو دەچێ
پڵنگەکان بە مانگ دەچن

لە ئادەمزاد میهرەبانترن
درەخت لێرە
بەقەد چۆلەکەکانیان حیکایەتییان هەیە
بە پۆستەچیم وت ئیمزای تۆ بێنێ
بەختیاریم بۆ بێنێ .

## بۆنی پرتەقاڵ

هەموو شتێک
بە درۆیەک دەست پێ دەکا
دوگمەی کراسەکەت دەکەیەوە ،
گەردنت ماچ دەکا ..
لە پشت هەر ڕووداوێکی جوان
درۆیەک بە ڕەنگی پرتەقاڵ لێ دەدا
تۆ باش دەزانی
پیاوان بە بۆنی ژنان چەند بەرهەستن

بۆنی شییریش

له پشت هەموو ڕووداوێکی جوانه

سووراوی لێوان

دەتوانێ

ئەسپەکانی تورکمانستانماڵیی بکا

خۆشەویستیش ئاوایه

له بۆنی پرتەقاڵەوه بۆ خوێن لێ دەدا .

---

**عاسف حسێنی** : ساڵی 1980 لـه شاری (بەڵخ) زێدی مەولانا جەلالەددین لەدایک بووه ، لـه منداڵییەوه چووەته ئێران چەشنەها کاری پیشەیی کردووه، له شازده ساڵی دێته ناو دونیای ئەدەب و نووسین ، ساڵی 2006 دوو کۆشیعر لـه تاران و کابوول بڵاو دەکاتەوه ، دواجار دەچێته ئەڵمانیا لەوێش له بواری ڕۆژنامەنووسیدا کار دەکا .

## چاوەڕوانی

ـ لاوانەوەیەک بۆ بێسەروشوێنانی شەڕ ـ

**زەهرای زاهدی**

چەهرەی منت بیر بێتەوە

چوون من بەبیرم نەماوە

ماوەیەکە جەستەم بەخشیوەتە سرووشت

لەو ڕۆژەوەی ئیزرابیل شێتی لێوەکانم بوو

من چاوەڕوانتم

تۆ دێی

لە کەڵبەی گورگم دەکەیەوە

لە تێکستی هەواڵان

لە کامیرانم دەردێنی
لە گەڕێنی ئەنتەرنێت
لە جومگەی شاعیرە بەدبەختەکان ..
ماوەیەکە گیام لە تەکدا شین دەبێ و
باڵدار شادییان
لەگەڵ زەینم بەش دەکەن

ئای ئازیزم
شانت لە کوێ دانا ؟
چاوەڕوانت بووم بێی
پێش ئەوەی هەنگ
بکەونە داوی دڵداریمەوە
پێش ئەوەی جاڵجاڵۆکە
بە باسکان هەڵمواسن
پێش ئەوەی با
چەهرەم ببا
چاوەڕوانت بووم

خوێنی سەر سیمام پاک کەیەوە
سیمای خۆمم بە بیر بێنیەوە و
ئێسقانەکانم لەژێر گڵ بشاریەوە .

## زڵـکاو

شار ئارامە
ژیانمان ئارام
ماڵ ئارام
بە ئارامی دەمانئێشێ
بە ئارامی دەڕزین
بە ئارامی دەمرین
گەلۆ :
تۆ بڵێی ئەم زڵکاوە
چۆن بەو ئارامییە پێک هاتووە .

## جەستەم ڕووەو قیبلە دانێن

مانگ دەرکەوت و
خوێن ڕژان نەوەستا
من بووکێکم پاکیم پۆشیوە
بخوور و عەنبەر و ژوورێکی سپی
فریشتە سەما دەکەن
چەند سەعاتێک بەسەر تەقینەوەکە تێپەڕیوە
چۆن بتوانم لێوەکانت بدۆزمەوە (محەمەد)
ئەدی ڕوومەتەکانت
لەوانەیە شانەکانت
لە نزیک هۆ ئەو درەختە ببینمەوە
یا ددانەکانت
لای مشکە برسییەکانی (کابوول)
خوێن ڕژان ناوەستێ

بیر لە چاوت دەکەمەوە
مانگ خۆخێکی ڕەنگ پەڕیوە
تاریکی خەریکە بۆ چاوم دەکشێ
برسیەتیم لەبیر چووەتەوە
شادەم هێنا
کە وەختێک نە بۆ تۆبە
نە خواحافیزی
نە چرکەیەکی کورت
بۆ ماچکردنی لێوت نەماوە ..

ئەی موسوڵمان
جەستەم بەرەو قیبلە دانێ
بە دەستەکانت پێڵووەکانم دابخە .

---

**زەهرای زاهدی** : ساڵی 1981 لە ویلایەتی بامیان لەدایک بووە ئەویش لە منداڵییەوە خانەوادەکەی چوونەتە ئێران ، شاری قوم، لەوێ لە ڕێگەی فیستیڤاڵە ئەدەبیەکانەوە دێتە پێش ، هەروەها لە بواری ڕۆژنامەنووسیش کاری کردووە .

# دایکتان

**فاتیمەی ڕۆشەن**

**من کچی ئەو ژنەم بەهای شیری**
**بارتەقای گایەک و حەفت بەرخ و**
**دە بزن و سێ مانگای شییردەرە ..**
**سەردەمانێکە کچانی لادێ**
**ئاخی بۆ هەڵدەکێشن**
**ئاوڵە لە جوانی دا و**
**کوللە ساڵانی تەمەنی دەخوا**
**برا مەستەکانی ..**
**پیاز و کولەکە و گەنمەشامییان برد ..**
**من کچی ئەو ژنەم**
**کە کەس نەبوو و کەس نابێ**
**بەدەر لەوەی گرمۆڵە دەبێ و**
**لەخۆبایی بوونی لە نێوان برۆ پەیوەستەکانی**
**لە شەقام و بازێڕان بێهوودە دەڕوا ..**

با بە نانی پڕ  لە زیخ
بێتەوە ماڵێ
من کچی ئەو ژنەم
دایکتان
کە بەر لە ئێوە لەدایک بووە
حەوت سکی لەبار چووە
تا حوکم بدەن
ئێوە بەسەر خاکێکی ساردەوەن
بۆ ئەوەی
بەسەر پردی سووردا بپەڕنەوە
پردیش سووتاوە
با بێن
منداڵانی (بورجی)[*] بە خەمەوە
بۆ پێشوازی بێن
با بێن
بە لووتی چڵمنەوە

به منالآنی بن به میز
ئاهی هەناسەشیان
لەو دیو جامی ئۆتۆمبیلەکان
وەرِستان بکەن ..
من کچی ئەو ژنەم
کاتێ زوو دەگەڕێتەوە ماڵێ
دیوار و پەنجەرە
خەمەکانی لەبەرخۆ دەڵێنەوە
تا بێزاری لە ڕووتاندا ڕەنگ بداتەوە.

---

(*) بورجی : شارێکە دەکەوێتە دەوروبەری کابوول زۆرینەی دانیشتووانی هەژار و بێ دەرەتان و ستەملێکراون.

**فاتیمەی ڕۆشەن** : ساڵی 1982 لە ویلایەتی (دایکەند)ی ئەفغانستان لەدایک بووە. ئەویش لە منداڵییەوە چووەتە ئێران لەوێی خوێندووە تا بەکالۆریۆسی لە ئەندازەی کشتوکێڵ وەرگرتووە، لە 2006 ـەوە شیعر دەنووسێ.

# ئێمە دەمرین

**ئەلیاسی عەلەوی**

ئێمە دەمرین
تا شاعیرە نەخۆشەکان بمانلاوێننەوە
گەمەیەکی جوانە ..

کە دایکم پێڵاوی ئەفسەرە گەنجەکە
دەلێسێتەوە و

ڕۆژنامەکان لەسەر وێنەی باوکم دەنووسن
وەختێ لە تەک پیاوە گرینگەکان دایە ..

شەوان هەزار جار
خەون بە بووکێکی جوان دەبینن
خوشکیشم هەزار جار دەقیژێنێ
گەمەکە هەزار جار دووبارە دەبێتەوە ..

کرێکار
دوای سەعات یازدە
هەستوەر تر دەبن .

سبەی گشتیان
دەڕژێنە شەقام
قووماشی ئاڵای وڵات
پارچە پارچە دەکەن
گۆرانی دەڵێن

**سەما دەکەن**

**بێگومان دروشمانیش دەڵێن**

**ئێمە دەمرین**

**تا وێنەکێشی** (TIME)

**خەڵات بباتەوە .**

---

**ئەلیاسی عەلەوی** : شاعیر و نیگارکێشە ، ساڵی 1983 لە ویلایەتی (دایکەندی) لەدایک بووە ، ئەویش هەر زوو هێشتا منداڵە لەگەڵ بنەماڵەکەی دەچنە ئێران ، بەلاّم ئەلیاس لە تەمەنی هەرزەکاریدا دەگەڕێتەوە ئەفغانستان . ساڵی 2007 کۆچ بۆ ئوستورالیا دەکا . تا ئێستا سێ کۆشیعری بلاّو کردوونەتەوە و لە زۆر لە کۆڕ و سیمینارە ئەدەبی و هونەرییەکان بەشدار بووە و پێنج پیشنگای هونەریشی نمایش کردووە .

## پەلاپیتکە

**مەحبووبەی ئیبراهیمی**

پەنجەی زۆر بەسەر بەلاپیتکەوەیە
چەکیان دژمان ڕاگرتووە

خاک
مینی بۆ قاچمان حەشار داوە

پەتی سێدارە
چاوەڕوانی سەرمان دەکا

ئاو
بە هەرچی تیای نقووم بووە
ڕەشەبا و بوومەلەرزە
بە مردووەکانی گشتییەوە
لە ناوی ئێمەوە هەڵدەبژێرن
جیهان
لە کوشتنی ئێمە بەدەر
بە دوای چیدی ناگەڕێ
من پەنا بۆ باوەشی تۆ دێنم
دوورە
غەریبە
بەڵام هێمنە .

(دان)ێکی بچووکی غەریب
گویی لێ نییە
لەژێر خۆڵدا بشێردرێتەوە
من لە خۆڵ ناترسم
ئەگەر مردن گەڕانەوە بێ
بۆ ئامێزی تۆ .

سبەی
دەبم بە درەختێک لە هەڕەتیدا
بۆنی تۆیش
لە گەردنم نابێتەوە .

لێم گەڕێ بێمە لات
من لەو هەموو مەرگە ماندوو بووم

ژنان بە جەستەیان
گەڕانەوە خاک
لەباتی ئەوان ماچم کە !
ئەوان ڕێی گەیشتن بە باوەشی تۆ نازانن .

---

**مەحبووبەی ئبراهیمی** : شاعیر و سینەماکار ساڵی 1976 لەشاری قەندەهار لەدایک بووە، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ بەخێزانەوە دەچنە ئێران ، خوێندنی لە زانکۆی تاران تەواو کردووە ، لەزور لەڤیستیڤاڵە جیهانییەکانی فلیمی کورت بەشدار بووە ، پاش گەڕانەوەی بۆ ئەفغانستان لە ئێستگەی تەلەفزیۆن وەک بەرپرسی بەرنامەکانی فەرهەنگی دەستبەکاربووە ، تائێستا یەک کۆشیعری بەناوی (باهۆز خوشکمن) بڵاوی کردووەتەوە .

# کەس لێرە نییە

**بارانی سەجادی**

کەس لێرە نییە
مۆم و خەم
هەموو شتێک ئامادەیە بۆ شێت بوون
لە کوێوە دەست پێ بکەم ؟

شێتییەتیم لە پەیژەی باخچەوە

دەست پێ دەکا

ئەو بەردەرییە ناسراوانە

ئێمە چ دەکەین لێرە ؟

ڕۆحێکی بێ لاشە

هەزار عاشوورا

لە چاومدا دەگری

ئایین فشارم بۆ دێنێ

سیاسەت لەگەڵم دەنوێ

باوکم لەسەر لەپی دەستما پاڵکەوتووە

بابە .. بابە

تۆ بڵێی

بەهای ڕۆحی بابم چەند بێ ؟

بەینێکی درێژ
لە نێوان من و برۆکانمدایە
یەکیان حەفتەیەک گریا
بێ ئەوەی فرمێسکەکانی بژمێرێ
لەسەرمە خۆم لە شەقامدا بڕوێنم
شەقامێک
ئازار بە پێڵاوەکانم ناکێشێ
تۆ بڵێی خواوەند مردبێ ؟
خواوەند لە هەموو چرکەیەکی نەزانی مندا
دەژی
جەستەی گشتیشمان
لە پێناوی ئەودا دەمرێ .

## من (جوبراییل)ێکی خەمبارم

من (جوبراییل)ێکی خەمبارم
وەک مەرگ دەڕوا
لە ئەشکەوتی (حەڕڕا) بۆ خوا
جەنازەم بە خامۆشی
لەسەر زەوی جێ مەهێڵە
چەندان جار لەسەرگیای شوورە
ڕاکشاوم و
مەرگم تاقی کردووەتەوە
جەنازەم تا هەتایێ تێر بووە
بەراورد بە کچانی دی
جەستەی گەرمم
بە کفن داپۆشرا ..
بەڵگەی زیندوویەتیم
باوەشی چۆلمە

له تەمەنی بیستساڵیدا
داوای سەلماندنم لێ مەکە
هێشتا من له ژێر ئاوەڵ کراسێکی
(پنجابیی)دام[*] .

---

[*] پنجابی:هاوەڵ کراسێکه ژنانی ئەفغانستان لەژێرەوه دەیپۆشن .

**بارانی سەجادی** : شاعیر و سترانبێژ ساڵی 1977 له شاری (مەشهەد)ی ئێران له دایک بووه ، بەکالۆریوسی له جوگرافیا و پلاندانان هەیه . له 2007 کوچی بەرەو کەنەدا کردووه و له زۆر له ڤیستیڤاڵه ئەدەبییەکاندا ئامادەیی شایانی هەبووه ، تا ئێستا کۆشیعرێکی بڵاوکردووەتەوه .

## قژم بڕی

**شوکریەی عیرفانی**

قژم بڕی
دەزانی؟ ئێستا من جوانترم
ڕەنگی ڕوومەتم پەڕیوە ، قژم شێواو
ئیتر چاوم بۆت ناگرین
نیگەران مەبە
دوای من دونیا کۆتایی نایێ
پێشوازی زستانێکی دی دەکەی و
لەسەری ڕادێی
بۆ هاوسێکەت دەگرژییەوە
لەو مشکە ڕادێی
لە دیواری ماڵەکەتدایە
لە عەتری هەموو ئەو ژنانەیش ڕادێی
لەگەڵیان جووت دەبی ..

لەژێر چەترەکەتدا پێکگەیشتین
لە وەرزی جۆراوجۆردا لەگەڵ یەک بووین
نە تامەزرۆیی گیای ناسکی
لەسەر قاچی ڕووتمەوە لابرد
نە هەوری ڕەش
ئاسمانی ڕەشی تۆی بەردا
ئیتر لەمەو دوا
گوێم لە ئاوازی سترانی تۆ نابێ
ئەمەیش وام لێ دەکا
جوانتر دەربکەوم .

---

**شوکریەی عرفانی**: شاعیر لە ساڵی 1979 لە ویلایەتی غەزنە هاتۆتەدونیاوە، هەربەمندالّی چونەتە ئێران، بەکالوریۆسی لەئەدەبی فارسی لە تاران بەدەست هێناوە ، پاشان ساڵی 2007 چۆتە ڕووسیا دوایی لە 2010 چۆتە ئوستورالیا و لەوێ جێگیر بووە. یەکەمین کۆشیعری بەناونیشانی (بەزمانی تەنیایی) لە مۆسکۆ بڵاو کردووەتەوە.

- (نەی)یم بدێ
- ئێوە ( لوبنان ) ی خۆتان هەیە
  منیش ( لوبنان ) ی خۆم ..

# ( نەی )یم بدێ

(نەی)یم بدێ و بسترە
ستران نهێنی نەمرییە
دوای لەناوچوونی وجوودیش
ناڵەی نەی
هەر دەمێنێتەوە .

داخۆ تۆ وەکو من
دارستانت
لەباتی کۆشک و تەلاران
کردووە بە ماڵ ؟
وەک من بە کەڤران
هەڵگەڕاوی ؟
زرێبار و زرێبار ڕۆیوی؟
خۆت بە گوڵاوێ شووشتوە
بە ( نوور)ێ خۆت
وشک
کردبێتەوە ؟
سپێدەت وەک مەی
لە پیاڵەی حەوادا خواردووەتەوە ؟

(نەی)یم بدێ و بسترە
ستران خێرترین نوێژە

دوای نەمانی ژیانیش
نالّەی نەی هەر دەمێنێ .

تۆیش وەکو من ئێواران
لەناو چیلەمێوان دانیشتووی ؟
تلمیسکی هێشووان
وێنەی چلچرای زێڕین
شۆڕ بووبنەوە ؟
شەوان گیات ڕاخستووە
ئاسمانت بەخۆتا دا بێ ؟
سوپاسگوزار بەوەی دێ
لەبیرکراو لەوەی ڕۆیی ؟

(نەی)یم بدێ و بسترە
ستران دڵان دێنێتەوە
نالّەی نەی
دوای نەمانی گوناهانیش هەر دەمێنێ ..

(نەی)یم بدێ و بسترە
دەرد و دەرمان لەبیر بکە
ئاخر خەڵکی چەند دێرێکن
بەڵام بە ئاو نووسراونەوە .

## ئێوە ( لوبنان ) ی خۆتان هەیە
## منیش ( لوبنان ) ی خۆم

ئێوە لوبنانی خۆتان هەیە
بە هەرچی بەرژەوەندی و
ناکۆکییەکانی تێیدایە ،
منیش لوبنانی خۆم
بە هیوا و خەونەکانییەوە ..
لوبنانی ئێوە گرێیەکی سیاسییە
ڕۆژگار دەکۆشێ بیکاتەوە ..
لێ لوبنانی من ،
چەند گردۆڵکەیەکن بە شکۆ و مەزنییەوە
ڕووەو شینایی ئاسمان
بەرز دەبنەوە ..
لوبنانی ئێوە کێشەیەکی نێودەوڵەتییە
شەو هەڵیان دەدا ،

بەڵام لوبنانی من
دۆڵی هێمن و ئەفسووناوین ،
زایەڵەی ستران و زەنگی لە کەنارەکاندا
شەپۆل دەدەن ..
لوبنانی ئێوە ململانێی پیاوێکە
لە ڕۆژئاواوە هاتووە
لەگەڵ یەکێکی دی لە باشوور ،
بەڵام لوبنانی من نوێژێکی باڵدارە
بەیانییان
کە شوان مێگەل بەرەو مێرگان دەبەن
لە شەقەی باڵ دەدەن
ئێوارانیش
کە جووتکار لە کێڵگە و ڕەزان دێنەوە
هەڵدەکشێن ..
لوبنانی ئێوە حکوومەتێکە
سەرەکانی لە ئەژمار نایەن ،
لوبنانی من ،

چیایەکی سامناکی ئارامە
لە نێوان دەریا و پێدەشتەکاندا ڕوونیشتووە ،
دانیشتنی شاعیر
لە بەینی ئەبەدییەت و ئەبەدییەتدا ..
لبنانی ئێوە فێڵێکە ،
کە ڕێوی لەگەڵ کەمتیاردا کۆ دەبێتەوە
دەیکا و
کەمتیار لە کۆبوونەوەی لەگەڵ گورگ دا ..
لوبنانی من ئەو یادگارییانەن
سترانی کچان
لە هەویەشەواندا و
گۆرانی کیژانم لە ناو خەرمان و
گوشینگەکان بە گوێدا دەدەنەوە ..
لوبنانی ئێوە چوارگۆشەی شەترەنجن
لە نێوان سەرۆکی دین و فەرماندەی سوپادا ،
لوبنانی من پەرستگەیەکە
بە ڕۆح دەچمە ناوی

کاتێ وەڕس دەبم لە تەماشای
ئەو شارەی
بەسەر ڕەوڕەوەدا ڕێ دەکا ..
لوبنانی ئێوە تایەفە و حزبە ،
لوبنانی من ئەو کچە جحێڵانەن
بە گابەردان هەڵدەگەڕێن و
لەگەڵ جوێباران ڕا دەکەن و
تۆپ لە گۆڕەپانان هەڵداوێن ..
لوبنانی ئێوە وتار و وانەدان و مشتومڕە ،
لوبنانی من خوێندنی قومریانە ..
لوبنانی ئێوە درۆیەکە
لە ژێر ڕووپۆشێک لە زیرەکیی خوازراو و
دووڕووییەک لە بەرگی داب و نەریت و
خۆنواندندا ،
لوبنانی من
ڕاستییەکی سادە و ڕووتە ..

لوبنانی ئێوە
چەند قانوون و چەند بڕگەیەکی سەر کاغەز و
چەند بەڵێن و پەیماننامەی ناو دەفتەرانن ،
لوبنانی من خۆڕسکایەتیی
نهێنییەکانی ژیانە ، نازانێ کە دەزانێ ..
لوبنانی ئێوە پیرەمێردێکە
دەستی بە ڕدێنەوە گرتووە و
برۆی وێک هێناونەتەوە و
بیر لەخۆی نەبێ لە هیچی دی ناکاتەوە ،
لوبنانی من تۆلازێکە
وەک قوللە بەرز ڕادەوەستێ و
وەک سپێدە زەردەمسکە دەبێتەوە و
چوون هەست بەخۆی دەکا
هەست بەوانی دیکەش دەکا ..
لوبنانی ئێوە
هەندێ جار لە سوریا جیا دەبێتەوە ،
جاریش هەیە

پێیەوە پەیوەند ،
هەندێ جاریش فێڵ لە هەر دوو لا دەکا
تا لە ناوەندی گرێدراو و پچڕاودا بێ ،
لوبنانی من نە پەیوەندە ،
نە جیا دەبێتەوە ،
نە خۆی بە گەورە و
نە بە بچووک دادەنێ ..
ئێوە لوبنانی خۆتان و ڕۆڵەکانی ،
منیش لوبنانی خۆم و ڕۆڵەکانی
گەلۆ داخۆ ڕۆڵەکانی لوبنانی ئێوە کێن ؟
ئەوانەن ڕۆحیان
لە نەخۆشخانەکانی ڕۆژئاوا لە دایک بووە .
ئەوانەن ئاوەزیان
لە باوەشی چاوچنۆکێک بێدار بووەتەوە
دەوری دڵفراوانان دەگێڕێ .
ئەو شووڵانەن بێ خواستی خۆیان
بە ڕاست و چەپ لار دەبنەوە ..

ئەوان ئەو کەشتییەن
بێ سوکان و بێ چارۆگە
بە گژ شەپۆلاندا دەچێ ،
کەشتییوانەکانی دوودڵ
بەندەریان ئەشکەوتێکە دێوودرنجی تێدایە ،
ئەی باشە هەر پێتەختێکی ئەورووپا
ئەشکەوتێک نییە بۆ دێو و درنجان ؟

ئەوان بۆ یەکدی میرغەزەب و
زمانڕەوان و ڕەوانبێژ
لە بەرابەر فەڕەنگانیش ،
لاڵ و بوودەڵە ..
ئەوان ئازادیخواز و چاکسازی شێلگیر ،
لێ بە تەنیا لە ڕۆژنامە و لەسەر ستێجەکان ،
کۆنەپەرست و ملکەچ
لە بەرامبەر ڕۆژئاواییان ..

ئەوانەی برسیەتی ناناسن
ئەگەر نەگاتە گیرفانیان ..
ئەوان ئەو کۆیلانەن
ڕۆژگار کۆتی ژەنگاوی گۆڕیون
بە کۆتی بریقەدار ،
خەیاڵ دەکەن
ئیتر دەست کراوە و ئازاد بوون .
ئەوانەن ڕۆڵەی لوبنانەکەتان ..
هەیە زاتی ئەوە بکا و بڵێ :
ئەگەر مردم
نیشتمانم نەختێ باشتر بەجێهێشت
لەو کاتەوەی لە دایک بووم ؟
ئای چەند لە چاوی ئێوەدا گەورەن و
لە چاوی مندا بچووک ..
بەڵام نەختێ بوەستن ،
با منیش ڕۆڵەکانی لوبنانی خۆمتان
پێشان بدەم :

ئەوان ئەو جووتکارانەن
بەردەڵانان دەکەنە باخچە و بێستان ..
ئەوان شوانن ..
ڕەزەوانن ..
دایکن .. باوکن ..
وەستاکار و گۆزەساز و تەونکەرن ..
ئەوان ئەو شاعیرانەن
ڕۆحیان لە پیاڵەی نوێدا دەکەن ،
ئەو شاعیرە خۆڕسکانەی ( عەتابە و معەننا و
زەجەل) (*) دەچڕن ،
ئەوانەی کە لوبنان جێدەهێڵن
چیدییان پێ نییە
بەدەر لە خوێنگەرمیی دڵیان و
پشت ئەستووری بە بازوویان
کە دەشگەڕێنەوە بۆی
بەخششی خاکیان لە لەپی دەست و
تاجی غارپیان بەسەرەوەیە ..

ئەوانەی بۆ هەر کوێ چوون
بەسەر دەوروبەریاندا زاڵ دەبن ،
لە هەر کوێیش بن ،
دڵان بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن .
ئەوانەی لە کۆڵیتان لە دایک دەبن و
لە کۆشکەکانی زانستدا دەمرن ..
ئەوانەی بە بڕوای پتەوەوە
بەرەو حەقیقەت و جوانی و کەماڵ
وەڕێ کەوتوون ..
داخۆ دوای سەت ساڵ چی لە لوبنان و
ڕۆڵەکانی لوبنانتان دەمێنێتەوە ؟
ئایا وای لێک دەدەنەوە ڕۆژگار
لە یاداوەری خۆیدا
ڕواڵەتی چاوبەستیی و فریودان و مەرایی
دەپارێزێ ؟
پێتان دەڵێم
لەسەر چ دینان نین ،

ئەگەر بتانزانیبووایە لەسەر هیچ نین
ئەوە بێزلێکردنەوەم
شێوەیەک لە بەزەیی و سۆزی وەردەگرت
بەڵام ئێوە نایزانن .

---

(*) مەبەستی ئەو شیعر و گۆرانییە لیریکیە میللیانەن
کە بە تایبەتی لە کەلەپووری میللی شامیّ دا باون.

## جەلالەددینی ڕۆمی (مەولانا)

- پیاڵەی شەمس
- نووری شەو
- مەیخانەی پیرۆز
- چەند قەسیدەیەکی کورت
- بە بێی من مەچوو

# پیاڵەی شەمس

له سهفهرێکمدا به بێی خۆم

شادی دڵی داپۆشیم .. بهبێی خۆم

مانگ له من شاراوه بوو

ئێستا ڕووبهڕوو لهگهڵمایه ، بهبێی خۆم

ڕۆحم له چاوی خۆشهویستمدا دهرچوو

به ڕۆحی ئەو جارێکی تر لەدایک بوومەوە ،
بەبێی خۆم
منم هەمیشە بێ شەراب سەرخۆش
منم هەمیشە بەختەوەر ، بەبێی خۆم
هیچ ساتێکم بەبیر مەهێننەوە
من هەردەم بەبیر هاتنەوەم ، بەبێی خۆم
بەبێی خۆم بەختیار بووم
من دوماهیم نییە ، بەبێی خۆم
دەرگاکان بە ڕوومدا قفڵ بوون
هەموویان کرانەوە من دەرچووم ، بەبێی خۆم
دڵی سوڵتان کەیقوباد لەگەڵ ئێمەدا دیلە
ئەویش بوو بە دیل ، بەبێی خۆم
منم سەرخۆش بە پیاڵەی
- شەمسی تەورێزێ -
پیاڵەی ئەو دایم نەبوو بەبێی من .

# نووری شەو

کە لە شۆڕشی شەو ڕادەمێنین ،
ئاسوودەیی لە قووڵایی شەودا هەڵدەگرینەوە
شەو بە تارایەکی لازوەردی شەودید دادەپۆشێ
تاریکایی ڕۆژ لە کوێ ، نووری شەو لە کوێ
خەون لە نووستن و لەوەی هەرگیز
وێنەی شەوی نەبینیوە هەڵنایێ
ڕۆحە پاکەکان کە کاروباری عەشق
بۆ گەیشتن بە داواکارییەکانی شەو
بەجێ دێنن
پڕن لە نوور ..
شەو لە چاوی تۆدا
وەک دەفرێکی دڵشکاو هەڵدەچێ
چونکە تۆ تامی شیرینی

تاریکایی شەوت نەکردووە
من لە بەدەستهێنانی بژێویدا
تا دەرکەوتنی سەحەر
شەوی سندم کراوم
ئای کە سەفەری شەو چەند درێژە
دەریای شەو چەند فراوانە
دەستم بە زنجیری کەیل بوون کۆت کراون
من تا بەرەبەیان بە دیلی شەو دەمێنمەوە
بازرگانی کاری ڕۆژێ یە
چەشە و ڕابواردن و تامی ماچان
لە بازرگانی شەودا قازانج دەکەین
تۆ جێی شانازی تەورێزی شەمسەددین
ڕۆژ ئیرەییت پێ دەبا و
ڕێی نووری تۆ
لە قووڵاییەکانی شەودا دەگرێ.

## مەیخانەی پیرۆز

دەی با بە پیر
ئوستادی عەشقەوە بچین
لە دووری مەترسن
مادەم لە مەیخانەین
لە شادی پاشایان بەدەر
چیدی لە مەیخانە نابینن
ئەی قوتابییە مەستەکانی قوتابیخانەی عەشق
لە گەرمایی شەراب بێئومێد مەبن
ئێوە بە حزووری سوڵتانی عاشقان
لە مەیخانەدا
واقتان وڕ دەمێنێ
هەمووتان مەستن ،
چاوی خوماریشتان ئەستێرەن

له شەوی مەیخانەدا دەدرەوشێنەوە
هەموویان چاون
ئێمە هەموومان ڕۆحی جوانی و سۆز و
لێبووردنین
مەیخانە خۆی بە ئێوە دەسپێتەوە پیرۆز دەبێ
مەترسن !
بە سەرخۆشی بڕۆنە خانەی شەراب و
بە پاکی لێی وەرنە دەرێ
سڵاو لە فڕینتان
سڵاو لە مەزنایەتیتان
سڵاو لە کۆڕی عاشقانی خەرابات
درووود بۆ شانازییەکەی تەورێز
سڵاو لە شەمس
تیشکی شیرینی
کە بە ئەسپەکەی
بەرەو خانەی مەستان دەڕوا .

## چەند قەسیدەیەکی کورت

- تۆ دڵۆپێ ئاو نی لە زەریا
تۆ هەموو زەریای لە دڵۆپێکدا

- لە ناو سنگما سەما دەکەی
کەس ناتبینێ

- بە گوێی لێبوردەیی ببیێ
بە چاوی سۆز بڕوانە
بە زمانی خۆشەویستی بدوێ

- لە خودا گەڕام
لە خودی خۆم زیاتر نەدیتەوە
لە خودی خۆم گەڕام
لە خوا بەدەرم نەدی .

- ئارەزووت بۆ ناسینی ڕۆحت
هەموو ئارەزوەکانی دیت دوایی پێ دێنێ .

- ئەوە ڕێی تۆیە
ڕێی تۆیە بەتەنێ

ڕەنگە هی تریش لەگەڵ تۆدا پێیدا بڕۆن
بەڵام کەس لەباتی تۆ پێیدا  ناڕوا .

- بە دوو باڵان لەدایک بووی
  ئەدی بۆچی لە ژیاندا
  خووشینت پێ خۆشترە .

- ئەوەی بەهاران لەدایک دەبێ
  پایزان دەمرێ
  تەنێ خۆشەویستی
  کژ و مەوسیمی نییە .

- سەیرە خۆشەویستی
  زمانێکی سەیری هەیە
  خۆشەویستی زمانێکە
  نە قسەی پێ دەکرێ
  نە کەس دەیبیسێ .

- وشەکانت بەرز کەوە
  نەک دەنگت
  ئەوە بارانە گوڵان شین دەکا
  نەک برووسکە .

- نەی تەواو بەتاڵە
  ئەوە هەناسەن بەناویا هەڵدەقوولێن و
  گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن
  ئەوە بەتاڵی نییە
  کە بەتاڵ بی .

## بەبێی من مەچوو

ڕۆینت چەند جوانە گیانی گیانان ،
بەبێی من مەچوو
ئەی ژینی هاوڕێیەتی  بێستانان ،
بەبێی من مەچوو
ئەی ئاسمان بەبێی من مەخوولێوە
ئەی مانگ بەبێی من مەدرەوشێوە
ئەی خاک بەبێی من مەڕوێنە
ئەی ڕۆژگار بەبێی من تێمەپەڕە
لەگەڵ تۆدا لەم جیهانەدا هەڵدەکەم
ئەو جیهانیش لەگەڵ تۆدا هەڵدەکا

بۆیە لەم جیهانەدا بەبێی من مەبە

بەبێی من

بۆ دوامەنزڵ مەچوو

تۆ ئەی شەکەت بەبێی من نازانی

تۆ ئەی زمان بەبێی من ناتوانی بخوێنییەوە

بەبێی من ئەی نیگا تەماشا مەکە

ئەی ڕۆح بەبێی من مەچوو

شەو بە نووری مانگ

ڕووی خۆی  سپی دەبینێ

من شەوم ، تۆ مانگمی

بە بێی من مەچووە ئاسمان

دڕک لە پەنای گوڵ دا دڵنیایە لە ئاگر

تۆ گوڵی ، من دڕک

توخوا بەبێی من

بۆ بێستان مەچوو

قوڕ بەسەر ئەوەی بێ ئاماژەی تۆ

بەم ڕێگایەدا دەڕوا

ئەگەر تۆ ئاماژەی من بی
ئەی ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی نییە
بەبێی من مەچوو
پێت دەڵێن عەشق
بەڵام من ناوت دەنێم (سوڵتانی عەشق)
ئەی بڵندتر لە وەهمی ئەم و ئەو
بەبێی من مەچوو .

## چارڵز بۆگۆفسکی

- تێم بگە
- باڵداری شین
- حاڵی دڵت چۆنە ؟
- بەفری ئیتاڵیا
- گوێی ڤان کووخ
- ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانە بۆ زۆر لە گەنجان

# تێم بگە

تێم بگە
من لەم جیهانە ئاساییە ناچم
شێتییەتی خۆم هەیە
لە مەودایەکی دیکەدا دەژیم
کاتم نییە
بۆ شتی بێگیان .

## باڵداری شین

دڵم باڵدارێکی شینی تیایە
حەزی لێیە بێتە دەرێ
لێ من دڵڕەقم لەگەڵی
پێی دەڵێم : لێرە ، ئا لێرەدا بمێنەوە
ناهێڵم کەس بتبینێ .

...

دڵم باڵدارێکی شینی تیایە
دەیەوێ بێتە دەرێ
بەڵام من وێسکی بەسەردا دەکەم و
بە دووکەڵی جگەرەم دەیخنکێنم

نە ساقی مەیخانان و

نە لەشفرۆش و

نە کرێکاری میوەوسەوزەفرۆش

نازانن لەوێیە .

...

دڵم باڵدارێکی شینی تیایە

حەزی لێیە بێتە دەرێ

لێ من دڵڕەقم لەگەڵی

پێی دەڵێم : لێرە بمێنەوە

چییە دەڵێی دەتەوێ کارەکانم تێک بدەی ؟

داخۆ دەتەوێ لە ئەوروپا

لە فرۆشی کتێبەکانم بدەی ؟

...

دڵم باڵدارێکی شینی تیایە

حەزی لێیە بێتە دەرێ

بەڵام من زۆر زیرەکم

شەوان نەبێ

نایهێنمە دەرێ
کاتێ هەموویان دەنوون
پێی دەڵێم : دەزانم تۆ لەوێی
خەم مەخۆ
پاشان دەیگەڕێنمەوە .
لێ ئەو هەندێ جار کە لەوێیە
گۆرانی دەڵێ
گەر لێی نەگەڕێم
بە تەواوی بمرێ
بەو حاڵە پێکەوە دەنووین
پەیماننامەی نهێنیشمان لەگەڵە .
بەڵێ ئەوە نەرم و نیانییە بە ڕادەیەک
پیاو بە گریان دێنێ
بەڵام من ناگریم
ئەی تۆ دەگری ؟

## حاڵی دڵت چۆنە ؟

لە ناخۆشترین کاتمدا :
لەسەر سەکۆی باخچان
لە زیندانێ
یا ژیان  لەگەڵ لەشفرۆشان
بەوە قاییل بووم
ناوی لێ بنێم  بەختیاری .
شتێک بووە ،
گەورەتر لە هاوسەنگی ناخ
هەموو ئەوەی سەپاندووە ڕوویداوە و
لە کارگان دایمەزراندووم
یا ئەو دەمەی
پەیوەندیم بە ژنانەوە تێک دەچێ .

## بەفری ئیتالیا

نووکە لە ڕادیۆ

دەنگی ئۆرگێکی شێت دێ

کەشیشێک دەبینم

لە ژێرزەمیندا مەستە

ئاوەزی دێ و دەچێ

بە شێوەیەک لەگەڵ خواوەند دەدوێ ..

چەند مۆمێک دەبینم

هەروەها ئەو پیاوە

بە ڕیشێکی سوورەوە

وێنەی خواوەند

کە ئەویش ڕیشی سوورە

ئەوە بەفرە

ئەوە ئیتاڵیایە

ساردە

نانیش وشک

نڤیشک نییە

تەنیا مەی هەیە

مەی بە شووشەی سوور و

گەردنی زەڕافان

نووکە  ئارگۆن

بۆ ژەنین دێتەوە

کەشیشەکە پیسی دەکا

وەک شێت یاری دەکا

هۆ لەوێ

تف و خوێن بەسەر نانەوەیە

دەیەوێ پێبکەنێ

بەڵام کاتی نییە

خۆر خۆی بۆ ئاوابوون ئامادە دەکا

پەنجەکانی خاو دەبنەوە

ماندوو بوون هەیە

خەونیش

تا پیرۆز ڕاگرتن

پیاوێک بۆ پیاوێکی دی دەچێ

بە ئاراستەی

چیا ، فیل ، ئەستێرە

مۆمێک دەکەوێ

بەڵام هێشتا دەسووتێ

لە کاتێکدا پاڵ کەوتووە

گۆمێک لە مۆم

لە چاومدا دەدرەوشێتەوە

کەشیشی سوورم

قەوزە بەسەر دیوارەوەیە

چەند پەڵەیەک لە بیر و

نائومێدی و چاوەڕوانی

دوای ئەوە جارێکی دی

مۆسیقا  وەک چەند پڵنگێکی برسی

بە پێکەنینەوە دەگەڕێتەوە

پێکەنینی منداڵێک ، پێکەنینی گەوجێک

بە هیچ پێدەکەنێ

تاکە پێکەنینە لێی حاڵین

بە هێزەوە

فشار دەخاتە سەر کلیلی ئارگۆنەکە

وەک ئەوەی

هەموو شتێک دەوەستێنێ .

ژوورەکەش

شێتییەتی تیا گوڵ دەگرێ

سەعاتەکەی دەوەستێ .. دەوەستێ

دادەنیشێ

کەچی مۆم دەسووتێ

یەکێ لەسەرەوە و یەکێ لە خوارەوە
دوا شتێ مابێ
بەفری ئیتاڵیایە
ئەمە کۆتاییە
جەوهەر و نموونە
من چاوەدێری دەکەم
بەڵام ئەو خەریکە مۆمەکان
بە پەنجەی دەبڕێ
تیلەی چاوی دەترووکان
وەک خووی شتانیش
ژوورەکە تاریکە .

## گوێی ڤان کووخ

ڤان گوخ گوێی خۆی بڕی و
دایە لەشفرۆشێک ،
کە ئەویش بەو پەڕی وەڕسییەوە
دووری تووڕدا ..
ڤان!
لەشفرۆش گوێیان ناوێ
ئەوان پارەیان دەوێ ..
پێم وایە
سەبارەت بەوەشەوەیە
تۆ نیگارکێشکی مەزنی
چونکە زۆری لێ حاڵیی نەبووی .

## ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانە
## بۆ زۆر لە گەنجان

بچۆرە تیبت
سواری وشتر بە
ئینجیل بخوێنە .
پێڵاوەکانت بە ڕەنگی شین بۆیە بکە .
لێگەڕێ با ڕیشت بێ
بە قایەخێکی کاغەز بە جیهاندا بسووڕێوە
هاوبەش بە لە ( ساتور دی ئیڤنینگ پۆست )
تەنیا بە لای چەپی دەمت بخۆ
ژنێکی شەل بێنە و
بە مووسێکی ڕاست ڕیشت بتاشە
ناوی خۆتی لەسەر دەسکی هەڵکەنە .

ددانت بە بەنزین بشۆ
بە درێژایی ڕۆژ بنوو
شەو بەسەر درەختان کەوە
ببە بە ڕەبەن و سووپ و بیرە بخۆوە .
هەناسەت لەژێر ئاودا ڕاگرە و
کەمانجە بژنە
لە بەرامبەر مۆمی پەمەیی
سەمایەکی ڕۆژهەڵاتییانە بکە
سەگەکەت بکوژە
خۆت بۆ والی هەڵبژێرە
لە بەرمیلێکدا بژی
سەرت بە داسێک پان کەوە
چەند گوڵەمێلاقەیەک لەژێر باراندا بڕوێنە
بەڵام شیعر مەنووسە .

سێلیڤیا پلاس

---

- هەرگیز هەوڵ مەدە
به ماچێک هەڵمبخەڵەتێنی
- گۆرانییەکی خۆشەویستی
بۆ کچێکی شێت

## هەرگیز هەوڵ مەدە
## بە ماچێك هەڵمبخەڵەتێنی

هەرگیز هەوڵ مەدە بە ماچێک هەڵمبخەڵەتێنی
وا پێشان بدەی
باڵدار هاتوون لێرە بمێننەوە
ئەو پیاوەی ئاوزنگ ئەدا
بە گاڵتە و ڕقەوە تەماشای ئەمە دەکا .

ئەو بەردەی دڵی نییە
دەتوانێ خۆی بگۆڕێ
پاکیزە لەو شوێنەدا سەرهەڵئەدەن
(ڤینۆس)ی هەوەسباز لێی ڕادەکشێ :
هەوڵ مەدە بە ماچێک بمخەڵەتێنی .

پزیشکی ڕەندمان پێی وایە
ئێش ئیشی ئەوە
نەخۆشە سەرگەردانەکانیش
قسە لە قسەی ناکەنەوە :
ئەو پیاوەی ئاوزنگیش ئەدا
بە ڕق و گاڵتەوە تەماشای ئەمە دەکا .

هەر تۆلازێکی سینگڵی بەکەڵ
لە ترسی ئیفلیج بوون هەڵدەلەرزێ
پیرەمێردی ڕەبەنیش لە هەورەبانەکەدا
بە درێژایی ڕۆژێ دەگری :
هەرگیز هەوڵ مەدە بە ماچێک بمخەڵەتێنی .

ماره نەرم و نیانە نەمرەکان
هەرێی بەهەشت
بەو منالّە لێبڕاوانەی شێتی شادین ئەدا
ئەو پیاوەی ئاوزنگیش ئەدا
بە گالّتە و ڕقەوە تەماشای ئەمە دەکا .

زوو یا درەنگ
شتێک ڕوو ئەدا میزاج تێک بدا
بالّدارە خۆشخوانەکان
کەلوپەلیان کۆ دەکەنەوە و
دوور دەفڕن
بۆیە هەرگیز هەوڵ مەدە
بە ماچێک بمخەلّەتێنی
چوون ئەو پیاوەی ئاوزنگ ئەدا
بە گالّتە و ڕقەوە تەماشای ئەمە دەکا .

## گۆرانییەکی خۆشەویستی
## بۆ کچێکی شێت

چاو ئەترووکێنم

دونیا هەمووی دەمرێ

پێڵووم بڵند دەکەمەوە

جارێکی دی هەموو شتێک لەدایک دەبێتەوە

( لەو باوەڕە دام من تۆم

بە خەیاڵم دروست کردووە )

ئەستێرەکان سەمای ڤاڵس
بە ڕەنگی سوور و شین دەکەن
ڕەشی هەڕەمەکی بەغار دێتە ناوی
چاو دەنووقێنم و دونیا هەمووی دەمرێ .

خەونم دی  فریوت دام
لەگەڵت بێمە سەرجێ
تا عەقڵیشم لەدەست دا
گۆرانیت بۆ چڕیم
ئیتر تا شێت بووم ماچت کردم
( لەو باوەڕە دام من تۆم
بە خەیاڵم دروست کردووە )

خواوەند لە ئاسماندا هەڵدەدێردرێ
ئاگری دۆزەخ لێ دەچنەوە :
پیاوەکانی شەیتان فریشتە باڵدارەکان دەڕۆن
چاو دەنووقێنم و دونیا هەمووی دەمرێ .

وام بە خەیاڵ داهات
بەو ڕێیەی وتم دەگەڕێیەوە
بەڵام من پیر دەبم و
ناوی تۆم لەبیر دەچێتەوە
( لەو باوەڕە دام من تۆم
لە خەیاڵمدا دروست کردووە )

بۆ من باشتر بوو
عاشقی یەک لە باڵدارەکانی برووسکە بم
هەرچی نەبێ لانی کەم
بەهاران جارێکی دی دێتەوە

ئەویش بە ژاوەژاویەوە دەگەڕێتەوە
( لەو باوەڕە دام من تۆم
لە خەیاڵمدا دروست کردووە )
چاو دەنووقێنم ، هەموو دونیا دەمرێ .

---

(*) ژنەشاعیرێکی ئەمەریکاییە لە تەمەنی سی ساڵیدا خۆی کوشتووە ، ساڵی 1982 دوای مردنی خەڵاتی - پۆلیتزەر - ی پێ دراوە .

## فازڵ عەززاوی

- ستranی (خود)ـەم
- ئاهەنگ
- کە دواجار بەربەرەکان گەیشتن

## سترانی (خود)ــەم

که تەمەنم بوو بە دە ساڵ
وتم : هەموو شتێک بەرکەماڵ دەبێ فازڵ
مادەم وەرز هەن و بە دوای یەکدا دێن
مادەم زستان بە بارانێت بەسەردا دەدا و
بەهار بە گوڵە کێویەکانی و
هاوین بە ئابی پڕوکێنەری و

پاییز  به خەمی قووڵی ..
مادەم لەبەر دەرگەی ماڵەباوان لە کەرکووک
دادەنیشی و
چاودێری هەوری ڕەشی
ئاسمانی سوور دەکەی
هەڵدێ و
فیل و ئەسپیشی بەدواوەن .
وتم لە بیست ساڵی
دەچیتە باخچەی ( موسەڵڵا ) و
سەر لە ئێواران پیاسە لە پێدەشتی
(سەید قزی) دا دەکەی و
ئێوارەدرەنگانیش لە چایخانەیەکی
نێزیک قەیسەری دادەنیشی و
چاو لە بێچووە  لەقلەقەکان دەبڕی
کە لە تۆقەلانی منارەی ( نەخشینە)دا
کەوتوون
زیقەزیقت بۆ دەکەن .

که بوومه بیست ساڵ
نه له باخچه بووم نه چایخانه
له زیندانێک بووم له بەغدا
پۆلیسه گوندییەکان پاسەوانییان دەکرد و
هەموو بەیانییان له خەو خەبەریان دەکردینەوه
ئێمەش به پێش شوارکەکانییان دەکەوتین
که له پشتمانیان دەدا
تا به ڕیزی دوور و درێژ
له خانەکان هەڵتووتێین
وەک ڕانه مەڕێ
قەساب دەیپشکنێ
بەر لەوەی بیانبەنه قەسابخانه
دەمانژمێرن ..
وتم : هەموو شتێک بەرکەماڵ دەبێ فازڵ
مادەم هێشتا ژیان گشتیت لەپێشدا ماوه و
دڵت به ئومێد ئاوەدانه:

له سی ساڵیدا دەگەڕێیەوە ناو کەس و کارت
برادەرە ونەکانت ،
له ئاوارەنشینه دوورەکان بۆ  دەگەڕێنەوە
تا باسی  شارەکانی ناو خولگەی کاڕژۆڵە و
جەوسەرانت بۆ بکەن ..

کە بووم بە سی ساڵ
من خۆم ئاوارە بووم .

وتم : قەینا فازڵ هەموو شتێ بەرکەماڵ دەبێ
له چل ساڵی دەگەڕێیەوە لای
شاعیرە قەللۆشەکان
ئێواران
لەسەر تەختەکانی سەر شۆستە دانیشتوون
چاوەڕوانت دەکەن
چای لە چایخانەی مەجیدییە دەخۆنەوە
تا هەمووتان پێکەوە

شەو لە دوای شەو
لە یانەی عەدلییەدا مەست بن و
جنێو بە حکوومەت بدەن و
تا سپێدە
بە شەقامە چۆڵەکانەوە وەربن ..

کە بوومە چل ساڵ
دیتم هەموویان ، یەک بە دوای یەک
بە پاسپۆرتی ساختە هەڵدێن و
لەگەڵ قاچاخچیان
کە کەریان
لە توولەڕێی چیایە عاسی و مەترسیدارەکاندا
بە پێش کەوتووە
سنوور دەبڕن ..

بەم جۆرە سەرخۆش بووین
جارێ لێرە و جارێ لەوێ

له بەرلین  یا  قوبرس
له لەندەن  یا  پاریس
هەندێ جاریش له دۆزەخ .

وتم : فازڵ هەموو شتێک بەرکەماڵ دەبێ
مادەم لانی کەم یادگارییەکانت لەگەڵ خۆتن
له پەنجا ساڵی دەگەڕێیەوە
سەر درەختە لەبیرکراوەکەت
تا بە دەستی خۆت ئاوی بدەیەوە
دەگەڕێیەوە ماڵەکەت
که مۆرانە لێی داوە
تا سەر لە نوێ نۆژەنی بکەیەوە
بۆ کتێبەکانت
که لەناو کارتۆن بەجێ هێشترا بوون
جارێکی دی بیانخوێنیەوە .

که بوومه پەنجا ساڵیش

دارەکەمانم دی

بە تەور دەبڕدرێتەوە و

ماڵمان جوورجی دەکەوێتێ

کتێبەکانیشم خراونەتە بیر

ئێستا چی بەخۆت دەڵێی فازڵ

لە کاتێکا هەموو کەشتییەکانی پشتت

سووتێنراون ؟

ئاخ ، نامەوێ هیچ بڵێم

هەرگیز هیچ ناڵێم

وازم لێ بێنن

نەفرەت ..

لە یەک چرکەدا

گەیشتمە دیماهی

هەموو حیکمەتەکانی دونیام ختم کردن

تەنانەت پێش ئەوەی بزانم

چی ڕووی دا .

## ئاهەنگ

کەس دوا نەکەوتبوو
قابیل لە ئاشپەزخانەدا
چەقۆکەی تیژ دەکردەوە
(نووح)یش لە هۆڵەکەدا چاودێری دەکا
بڵاوکراوەی کەش و هەوایش لە تەلەڤزیۆن .
هەموویان بە ئۆتۆمبیلەکانی خۆیان گەیشتن
پاشان لە کۆڵانی درێژووکانیدا ون بوون
دەچوونە ئاهەنگەکە .

لەوێدا

ژنێکی جوانمان بینی

سەمای لە مەیدانێدا دەکرد و

شۆخی خۆی

لەو دیو

کراسی ڕووبەدەرییەوە

پێشان دەداین

لەگەڵ میوانان دانیشتین

پیاڵەمان تا کەیل بوون هەڵدا .

شەوێ گەڕاینەوە ماڵەکانمان

گۆچانە بزربووەکەیمان
بۆ کوێرەکە گەڕاندەوە
تەوری خوێناویشمان بۆ بکوژ ..
ڕاستیی ئاهەنگێک بوو
وەک هەر ئاهەنگێکی دی .

## که دواجار
## بەربەرەکان گەیشتن

له نێوان شەو و ڕۆژێکدا
جیهان له بارێکەوە بۆ بارێکی دی گۆڕا :
ناکاو پاشای تۆقیو به ناو تاریکاییدا هەڵات
پێستی خاراوی دەرباز بکا
حەکیمەکان
نووسراوە دێرینه پیرۆزەکانییان
لەژێر قەدی درەختی باخچان شاردەوە
سیاسییەکان کۆنه بزگوڕیان پۆشی و
لەناو خەڵکیدا ون بوون
قوماربازەکان له مەیدانی شارن .
فەرماندەی سوپا
شمشێری زێڕینی
به داگیرکاری نوێ بەخشی

بەڕێوەبەری پۆلیس
سێدارەکانی لە مەیدانە گشتییەکاندا
بۆ ئاژاوەگێڕە بێکارەکان هەڵخستن
شاعیران
قەسیدەی درێژی پیاهەڵدانیان هۆنییەوە
بە پیتی زێڕین نەخشاندیان
بە پەردەی کابەیان هەڵواسی
بەڕێوەبەری شارەوانی بە خۆی
وتاری پێشوازی ئامادە کرد .

لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا
جیهان
لە بارێکەوە بۆ بارێکی دی گۆڕا :

بەیداخی ڕەشی بتپەرستانیان
لەسەر منارە و ماڵان هەڵکرد
کاهینەکان

خواوەندە شێردراوەکانی
ژێر تاریکایی سەردەمەکان
لە حەشارگەی ئەشکەوتان
لە چیاکاندا هێنایە دەر
لە کاتێکدا بڵندگۆکان
بە سڵاوات و لاوانەوە
بۆ( لات ) و (عززی) و (مەنات) ی
سێیەکەی دی
لەسەر قوللەکان دەنگی دەدایەوە ..

دواجار
پاش هەزار ساڵ چاوەڕوانی
بەربەرەکان گەیشتن .

فلەیحە حەسەن

---

- ئێمە کە بەخێرایی شەڕ
  گەورە بووین
- بەر لەوەی مەیسوون شەهید بێ
- ئەگەر کۆلۆمبس
  ئەمەریکای نەدۆزیبایەوە

## ئێمە کە بە خێرایی شەڕ
## گەورە بووین

ئێمە کە بە خێرایی شەڕ گەورە بووین
خواوەند لێی نەپرسین ، کە تۆوی چاند و
وتی : ببن و بووین
منالآنێک لاڵەپتە
بە چرپەی ماڵە نووستووەکان
بەرەو قوتابیخانان ڕا دەکەین
دەورەدراو بە دوعای دایکان
لە ترسی هەموو شتێک ..
بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانە

ژیانی هەموومانی
لە ڕستە خنکێنەرەکەیا کۆ کردەوە :
" پاش دە ڕۆژی دی ،
دوای تەواو بوونی شەڕ دەگەڕێینەوە "
(نازەنین) بە شێوە تام کوردییەکەی وای وت
ئێمەی قوتابیش
لە گۆڕەپانی بەڕیزوەستانا کۆ ببووینەوە
ڕۆح داچەقیو
سەرسام و ترساو ..
ڕۆژگار درێژ بوونەوە و بوون بە ساڵ
پەرت و بڵاو بووین
کوڕان بۆ گۆڕەپانی هاڕین ..
کچانیش بەرەو کۆسپەی چاوەڕوانی ..
برادەرەکانم هەرگیز نەگەڕانەوە
پاشماوەکانیان سندووقەدار کۆی کردنەوە
کە بە کونی جودایی ڕازێنرابوونەوە
دایکیشم وەک ئێمە

دووچاری چاوەڕوانی ببوو
دادەنیشت چاوەڕوانی باوکمان لەگەڵ بەش بکا
کە جارێ دێتەوە و
چەندان جار دەڕوا
ناشزانین بۆ کوێ ..
ئەگەر بیویستبا
خۆی لە پرسیارەکە بە دوور بگرێ
دەیگوت : بۆ بەرەیەکی جوولاو .
وامان لێ هات  ڕۆژەکانمان کۆ دەکردەوە
بە زۆر بە هەشت ساڵنامە
لە خوێن لەبەر ڕۆیشتندا
دەنووساند
تا وامان لێ هات
چاومان بە خۆڵی گۆڕستانان دەڕشت
چیتریش بەدەر لە لافیتەی
( بژی سەرۆک) نەبوو
ئینجا بە ڕاستیش زۆر ژیا

تا شەڕ لە شەڕ بدروێتەوە
پوریشم  ڕۆژەکانی خۆیم بۆ دەژمێرێ
کوڕەکانی نەگەڕاونەتەوە
هەموویانی لە یەک پرسە و
بێدەنگییەکی درێژ کۆ کردەوە  ..
............
............

بە سەرکەوتوویی لە شەڕدا دەرچووین
هێ هێ هێ هێ
سەرۆک وتی :
با بچینە شەڕی دووەمی
سەربازەکان هیچیان لەبارەی
ئالآهەڵگرەوە نەدەزانی ..
..................
دایکم (نیتاق)ی براکەمی دەژماردن
دەشیزانی شەڕ

له گەمەیەکی دۆڕاو زیاتر نییە ..

برسی دەبین

ئێمە برسی دەبین

ورگی سەرۆکیش گەورە دەبێ

لە ئیستگەکانا بە گریانەوە دەردەکەوێ :

بەتەنێ قاتێکم هەیە

لە پشتیەوەش

بە فرۆکەیەکی زێڕکفت

ژن بۆ کوڕەکەی دێنێ ..

..................

مەترسە

هاوسێکەم

دەست دەخاتە سەر شانی کوڕەکەی

بە زیندوویی لە شەڕ هاتمەوە

دەشمێنم

پێش بەیانیدان بەرەو نەخۆشخانان ڕا دەکا و

هەندێ لە خوێنبەرەکانی

دەکاتە پارە و ڕەوانەی دەکا ..

................

................

خوشکم دادەنیشێ کۆرپەکە بنوێنێ

گۆرانی بۆ دەڵێ :

دەمەوێ شەڕ نەیەتەوە و

تۆم بۆ بهێڵێتەوە

جێی کۆچکردوو کە دووبارە نابێتەوە

بۆ پڕ بکاتەوە

ـ مەبەستی باوکییەتی ـ

شەهیدی شەڕان ..

بەڵام شەڕ بەدفەڕە

ڕیاکارە

بۆ فرتوفێڵ داڕێژراوە

گوێ ڕادەدێرێ

لەگەڵ گەورە بوونی مناڵەکە

دێ دەیرفێنێ

تۆ تێر نابی ؟
داخۆ ڕۆژێک نایێ
هەندێ لە خانەوادەکەمان
ـ وەک خەڵکی ئێرە ـ
بە ئارامی تێیدا بژین ؟
داخۆ ڕۆژێ نایێ
لە پەڕاوی ژیاندا
هەندێ ئومێدی تیا ببینین
بووبێتە ڕاستی ..؟
تۆ ژن نیت
تا ڕووبەڕوو لەگەڵت بدوێم
ناوی ئاماژەی (ئەو)یش لایق بە تۆ نییە
تۆ لە خراپکارێکی ڕەها زیاتر نیت .

## بەر لەوەی مەیسوون شەهید بێ

پێش ئەوەی مەیسوون[1] شەهید بێ
ئاسمان بە ڕاستی شین بوو
شەقامەکان فراوانتر
ژنان ئێواران لە بەر دەرگا  دادەنیشتن
حیکایەتیان دەهۆنییەوە
چایخانەکانیش بە پێکەنینی پیاوان شلۆغ ..
باوکم دەگرژییەوە کە ڕایدەسپارد :
( فلەیحە) بۆ سالۆنی جوانکاری
لەگەڵ خۆت مەبە
ڕەنگی خۆر لە قژت بدە
لێ با شەوقی شەو

به قژی منداڵەکە بمێنێتەوە ..

وەڵام دەداتەوە :

ئەم (ناو)ـەت قورسە ،

ئەو شیعرەی لێ ناتکێ لە ڕۆحت دایە

لەباتی تۆبم دەیگۆڕم ..

هەموومان پێدەکەنین ..

..........

دایکم لە گشتمان گەرم و گوڕتر بوو

- باوکم دەیگوت ،

بۆ ئەوەی سۆزتان لەبیر نەکەن

لەسەر یەک خوانچە کۆ ببنەوە

ئێمەش وامان دەکرد ..

..........

دوای کۆچی تۆ

دونیا کراسی خۆڵی پۆشی

بای شەڕ

شۆستەی شەقامەکانمانی ماڵی

ئێستا ژنان هەمیشە
ڕەش و خەم دەپۆشن
چایخانەی گەڕەکەکان
بە دەنگی
بەیاننامە درۆینەکانی سەرکەوتن
شلۆغن
کە پێشکەشکارێک دەیخوێنێتەوە
بە نهێنی
بە خەڵک پێدەکەنێ ..
دەنگی پیاوانی گەڕەکێ
بە جگەرە و
هەڵدانی پیاڵەی شکست کەرخ بووە .
کۆچی تۆ
ڕەنگی بەفری بەسەر قژمدا پرژاند
کە من هێشتا خۆشەویستی تۆم
لە چەند ساڵێکی کەم تێنەپەڕاندووە .
قۆناخی بەرایێ بوو

ڕۆح بەبەر خوێنبەرەکانتدا بدرێ
تا بزانم
ئەوەی تێیدا دێ و دەچێ خوێنە
یا خواوەند
لە درەخت هاشەی گەڵاکانی و
لە هەور ساوی پەمۆیی و
بنچینەی شەونمی بەیانیان
کە تۆ لەوی
هەڵێنجاوە ؟
گەر نەختێ خۆت گرتبا
دەتبینی چۆن
(بەختیارترین مرۆڤ لە دونیا)[2]
دەنووسرێ
پێشکێش کردنی دیوان بۆ :
- فلەیحە ، ئەو ناوەی فریشتەی شیعر
خۆشی دەوێ ،
تەنانەت خواوەندیش بۆی دەمرێ ..

ناوەکە سەرکەوت

لێ تۆ بە مەرگ

ناپاکیت لەگەڵ کردم

دایکیشم بە جێیهێشتم

خیانەتی لێ کردم

باوکیشم

ئەویش لێمان جیا بووەوە و

فەوتا ..

هەموو ئامۆژگارییەکانی

لە گوێی بەردین دایە

نانمان

لەسەر کۆمەڵێک خوان دا خوارد

تێر بووین

لە شەڕ و ئابلووقە و نەبوونی و

لێک جودایی و دەربەدەریی

وام لێ هات

کە هاوارم دەکرد برا

(ئەلیف) لێ دەچووەوە و
منیش لە پەشیمانییان
دڵی خۆم دەگەستەوە..
مەیسوون ، ئاخر چۆن بڕوا بکەم
ڕۆکێتێکی ئێرانی
بەسەر ماڵێتدا بکەوێت و
تۆ بەو خێراییە بتوێیەوە ..؟
چۆن باوەڕ بکەم
تۆ شتێک
بەدەر لە عەباکەی خۆت
بۆ کفنت نەدۆزییەوە
گۆڕێکت نەبێ
لە باخچەی خۆتان زیاتر؟
چۆن ؟ سوودی دەبێ
نەفرەت لە یەکیان بکەم
تا بگەڕێیەوە ؟

بەسە ،
بەس سەما لە یاداوەریم بکە
تەنیا دە خوولەکم پێ بدە
بە ئارامی بنووم .. تکایە
دە خوولەک ، زیاتر نا
من زۆر ماندووم
بە ژماردنی کوژراوە بێ گوناهەکان .

---

(1) مەیسوون حەسەن کەموونە ، تاکە دەستەخوشکی منالّیم کە لە ڕۆکێتبارانێکدا شەهید بوو سەردەمی شەڕی ئێران - ئێراق
(2) بەختیارترین مرۆڤ لە دونیا - کۆشیعرێکی شاعیری کۆچکردوو ( کزار حەنتووش)ـە کە بە دەستی خۆی ئەوەی لەسەر نووسیبوو .

## ئەگەر کۆلۆمبس
## ئەمەریکای نەدۆزیبایەوە

ئەگەر کۆلۆمبس ئەمەریکای نەدۆزیبایەوە
ئێستا یاری ( چاوشارکێ)م
لەگەڵ کچەکانمدا دەکرد و
ئێوارانیش لە دەوری خوانچەی
کێک و چای بەهێل کۆ دەبووینەوە و
براکەم بە سەری پەنجەی دزەی دەکرد و
لە دەرگای ماڵەوەی دەدا و
دەیگوت : کەس لە وێیە ؟
کە تەواو دڵنیاش بوو ئێمە چاوەڕێی دەکەین
پێدەکەنین
بە نوکتەی قوتابیە کچەکانم لە قوتابخانە
پێدەکەنین و

بۆنی بوخووریش ئەو ناوەی پڕ دەکرد
ئەگەر کۆلۆمبس ئەمەریکای نەدۆزیبایەوە
من ئێستا پەنجەرەی ماڵەکەم لەترسی
دزەکردنی بۆنی ئەفیوون کێشانی ماڵهاوسێ
دانەدەخست ..
گەر نەیدۆزیبایەوە
لە بۆنی نان تێر دەبووم و
پێویستی نەدەکرد بەیانیان
تەواوی دارستان ببڕم
تا دەگەمە ( ئالۆلمارت)[1]
نان و نەختێک پەنیر بکڕم ..
دەڵێم (ئەحمەد)[2] لەگەڵم وەرە
دەڵێ دەترسم بەناو دارستانێدا بڕۆم..
بە تەنێ دەچم ..
ئەگەر کۆلۆمبس ئەمریکای نەدۆزیبایەوە
بە پاسێک و دوو شەمەنەفەران
نەدەچوومە زانکۆیەکەم

هەر بە وانیش بگەڕێمەوە
بەڵکو کرێی (کیا)[3] بەس بوو
بۆ کوێم بوێ بمبا
ئەگەر کۆلۆمبس ئەمریکای نەدۆزیبایەوە
بە درێژایی شەو
بە دەنگی هەناسەی منداڵەکانم
خەوم لێ دەکەوت
لەو ڕۆژەی ، پێش دوو ساڵ زیاتر
کە گەیشتووم
دووچاری خەوزڕان نەدەبووم ..
ئەگەر بەڕاستی نەیدۆزیبایەوە
کۆشیعرەکەم دوای مانگێک وەردەگرتەوە
ساڵێکم چاوەڕێ نەدەکرد تا بە پۆستە پێم بگا
ئەگەر نەیدۆزیبایەوە
سێ ڕۆژانم (ساندی)[4] فریو نەدەدا
کە هەوڵی دەدا بنمیچی ماڵەکەم
بە هەرچی با و شەپۆلی هەیەتی

له بنەوه دەرکێشێ ..

.....................

خودایه وەختی نەهات

نەختێ بحەسێمەوه ؟

بیست ساڵه من

له چەندین مەیداندا دەجەنگم

وەختی سەرکەوتن نەهات ؟

.....................

ڕووبەڕوو

لەگەڵ کۆتر گماندم

چاوم له فرمێسکدا سوور هەڵگەڕان

سەگم پێ وەڕین

له ترسان و له سەرمان

خۆم به قەسیدەکانم داپۆشی

ڕۆژگارم بە بزماری ئارامگرتنەوە کرد داکەلین..
خۆم دایە بەر بارانی بێئومێدی
چەندین جار پیاڵەی غەدرم هەڵدا و
.........................
بەڵکو شوورەکانی غەریبستانێ بڕوخێن .

---

(1) ئۆلۆمارت: بازاڕێکی گەورەیە کە لقی لە هەموو ئەمریکادا هەیە.
(2) ئەحمەد: کوڕە بچووکەکەمە.
(3) کیا: پاسێکی بچووکە وەکو هۆی گواستنەوەی گشتی لە عێراق بەکار دەهات.
(4) ساندی: ڕەشەبایەکی بەهێزە هێرشی بۆ چەند ویلایاتێکی ئەمریکا هێنا بەتایبەتی ویلایەتی نیوجێرسی کە من لێی دەژیم.
**فلەیحە حەسەن** : شاعیریکی عیراقییە ، لە شاری (نەجەف ) لەدایک بووە هەر ماوەیەک مامۆستایەتی کردووە لە یەکێک لە دواناوەندییەکانی کچان . ماستەری لە زمانی عەرەبیدا هەیە . تا ئێستا ژمارەیەک کۆشیعری بڵاو کردوونەتەوە . یەکێکە لەو ژنەشاعیرانەی تراژیدیا لە قەسیدەکانیدا ون نییە ، بۆیە هەندێ لە ڕەخنەگران بە شاعیری سەردەمی شەڕ ناوی دەهێنن . حاڵی حازر لە ویلایەتی (نیۆگێرسی) ئەمریکادا دەژی .

## کوستەنتین کافافی

- لەبەر دەرگای قاوەخانەدا
- دەنگ
- لە چاوەڕوانی بەربەران

## لەبەر دەرگای قاوەخانەدا

شتێکیان لە تەکمەوە گوت

سەرنجی بە لای

دەرگای قاوەخانەدا ڕاکێشام .

جەستەی جوانیم بینی

وا دەردەکەوت

وەک بڵێی

ئیرۆس، بە ـ مامۆستایەتی خۆی ـ دایڕشتبێ و

ئەندامە ڕێکەکانی ـ لە شادی ـ دا
پێک هێنابێ و
باڵای بەرزی داڕشتبێ و
ڕووی بە وردی
کە بە پەنجەبزاوتێکی
سێبەرێکی تایبەتی
بەسەر هەنییە و چاو و لێوەکانیدا
بەجێهێشتبێ .

## دەنگ

دەنگی دڵگر و نموونەیین
دەنگی ئەوانەی مردن
یا ئەوانەی بۆ ئێمە
وەک مردووان بزرن .
هەندێ جار
لە خەونەکانماندا قسە دەکەین

هەندێ جاریش ئاوەزمان
لە بیری قووڵیدا دەیبیسێ
ئەوە لە چرکەیەکدا
زایەڵەی یەکەمی شیعر
لە ژیانماندا
وێنەی مۆسیقایەکی دوور
کە لە شەودا  لێدەچێتەوە
بۆ دێنێتەوە ..

## له چاوەڕوانی بەربەران

چاوەڕێی چی دەکەین
لە گۆڕەپانان کۆبووینەتەوە ؟
بەربەرەکان ئەمڕۆ دەگەن .
ئەنجوومەنی پیران بۆ داخراوە و
پیران قانوون دانانێن
کەواتە بۆ لەوێ دانیشتوون ؟
چونکە بەربەر ئەمڕۆ دەگەن .
ئێستا پیران چ قانوونێک دادەنێن ؟
کە بەربەرەکان گەیشتن
ئەوسا قانوون دادەنێن .

ئیمپراتۆڕمان ، بۆچی وا زوو
لەخەو هەستاوە و
لەسەر عەرش دانەنیشتووە و
تاجی لەسەر نەناوە
لەبەر دەروازەی گەورەی شاردایە ؟
چونکە بەربەرەکان
ئەمڕۆ دەگەن
ئیمپراتۆر چاوەڕێیە پێشوازی لە
پێشەواکەیان بکا
ڕاستیی ،
خۆی ئامادە کردووە
وتارێکی بۆ بدا

هەموو ناو و ناسناوەکانی
بەسەردا ببڕێ ..
بۆچی کونسولەکانمان
پێکەوە دەرکەوتوون
هەروەها دادوەرەکان
بە کڵاوە سوورە نەخشێندراوەکانیان ؟
ئەو بازن و
ئەو هەموو بەردە پیرۆزانە بۆ کێن ؟
ئەو ئەنگووستیلە بە زوومرەد درەوشاوانە ؟
ئەو گۆچانە گرانبەهایە
دەسک زیو و سەرزێڕانەیان
بۆ هەڵگرتووە ؟
چونکە بەربەرەکان ئەمڕۆ دەگەن و

ئەو چەشنە شتانە
بەربەران سەرسام دەکەن .

وتاربێژ و قسەدادەر
بۆ وەک پیشەی هەمیشەییان
نەهاتوون
وتارەکانیان بدەن و
ئەوەی پێویستە بگوترێ بیڵێن ؟
چونکە بەربەرەکان
ئەمڕۆ لێرە دەبن .
ئەوان لە ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی
وەڕس دەبن

ئەو تەنگاوییە لە ناکاوە و
ستایشە بۆ ؟
سیمای خەڵکی بۆ گرژ بووە ؟
گۆڕەپان و شەقامەکان
بۆچی وا خێرا چۆل بوون و
هەر کەس دەچێتەوە ماڵێ و
نقوومی بیرکردنەوەیە ؟
چوون شەو داهات و
بەربەرەکان نەگەیشتن
چونکە خەڵکێک لە
سنوورەوە هاتوون
وتوویانە
هیچ بەربەرێکی لێ نییە .

ئەی ئێستا چۆن ؟
بێی بەربەران
ئێمە چی بکەین ؟
ئەوان چەشنێک بوون
لە چارەسەر .

**ڕووپی کاور**

- خەمۆکیم لە کوێوە بۆ دێ ؟
- چەند بڕگەیەک
- سپێدەی یەکەم بە بێی تۆ

## خەمۆکیم لە کوێوە بۆ دێ ؟

ڕەنگە لە ڕەحمی دایکمەوە
لەگەڵی هاتبمە دەر
کە دەبووایە بە ڕۆحێکی بەدبەختەوە
لە دایک بم ..
لەوانەیە لە فڕۆکەخانە پێم گەیشتبێ
دزەی بۆ ناو پاسپۆرتەکەم کردبێ و
ماوەیەکی درێژ لەگەڵما مابێتەوە
دوای ئەوەی لە دەوڵەتێک دابەزین
کەیفی پێمان نەدەهات
ڕەنگە بۆ سیمای باوکم هەڵچووبێ
کە لە شوێنی جانتا وەرگرتنەوەدا
پێمان گەیشت
نەدەهاتە خەیاڵم ئەو پیاوە کێیە
لەوانەیە لە شەقی باوکمەوە بێ

که دایکم نەیتوانیبێ هیچ بڵێ
من دەنگم لە بێدەنگی ئەودا ون کرد
ڕەنگە لە بنی سەرشۆشێکێدا لەگەڵم بوو بێ
ئەو دەمەی سەرم لەژێر ئاودا مابووەوە
لەوانەیشە دیاری خۆشحاڵی منالانی
قوتابخانەکەم بوو بێ
گاڵتەیان بەو جل و بەرگانە دەکرد دەمپۆشین
گاڵتەیان بە کەزییەکانم دەکرد
کە وەک دۆنێ دەبریسکانەوە
بە ڕوومەتم ، بە لووتم ،
بە شێوەی ئینگلیزیەکەم .

ڕەنگە لە سالانی خراپەکاری
تاوانباریک بوو بێ
بە عەشیقی خۆم بانگم کرد
لەوانەیە ئەو لە سەری دانابم
ڕەنگە هەمیشە لە بەخشندەیی زۆرم بوو بێ .

لەوانەیە لە ژوانی خۆشەویستێک بوو بێ
پاشان لە دەست دانی .
ڕەنگە دیاری جودایی بوو بێ
لە خۆشەویستی ژیانمەوە
لەوانەیشە بە یەک جار
لە هەموو ئەوانەوە بوو بێ .

## چەند بڕگەیەك

گوڵێک بوو
لە دەستی ئەوانەی
نیازیان نەبوو بیپارێزن .

●

بەدبەختییەکت هەیە
لەو ناوچانەدا دەژی
کە نابێ بەدبەختیی وای لێ بژی .
زۆر هەوڵ ئەدەم تێبگەم
کەسێ چۆن دەتوانێ

هەموو ڕۆحی

هەموو خوێنی

هەموو توانای

بێ بەرامبەر

بڕژێنێتە کەسێکی دی .

●

هەموو شۆڕشێک

بە لێوان دەست پێ دەکا و

بە لێوان کۆتایی دێ .

●

ئەوەی زیاترم لە تۆدا خۆش دەوێ

بۆنتە

هەست بە خاک

بە گیا ، باخچە و

بە مرۆیینی دەکەی

لەوانی دی زیاتر .

●

تۆ داوی گرێدانەوەی

نێوان بڕوا و چاوەڕوانیی کوێر

ـ نامەیەک بۆ خۆشەویستی دادێم ـ

نامەویٚ بۆ ئەوە هەبی

تا بەشە بەتاڵەکانم پڕ بکەیەوە

دەمەویٚ بە خودی خۆم پڕ بم

دەمەویٚ پڕ بم و

بتوانم سەرتاپای شارێک ڕووناک بکەمەوە .

پاشان دەمەویٚ تۆم لەناو دابی

چونکە هەردووکمان پێکەوە

دەتوانین ئاگر بکەینەوە .

●

خۆشەویستەکەت

لە گۆشەگیریدا

لەبیر خۆت ببەوە .

●

له هەموو شتێک بەدبەختتر
ئەوانەن
لە چاوەڕوانی کەسێکدا دەژین
گلەییان لە بوونی هەیە .

## سپێدەی یەکەم
## بە بێی تۆ

لە چرکەی یەکەمی
ئەم سپێدەیەدا دەژیم
نیوە بە ئاگا
گوێم لە چۆلەکانە
لە دەرەوە
شۆخیی لەگەڵ گوڵان دەکەن

گوڵ پێدەکەنن
ئەوەش ئیرەیی هەنگ
گڕ دەدا
کە دەگەڕێمەوە هەڵتبستێنم
هەموو شتێک لە نوێوە
دەست پێ دەکا
ناکاوی ... گریان
شۆکیی تێگەیشتنی ئەوەی
تۆ بە جێت هێشتووم .

(*) ژنەشاعیر و نووسەری لاوی کەنەدایی بە ڕەچەڵەک هیندییە ساڵی 1992 لە دایک بووە تا ئێستا 2 کۆشیعری بڵاو کردووەتەوە .

## فۆرتێسا لاتیفی

* سەر لە بەیانی ئەمڕۆ
یازدە جار پێش بەرچایی دڵم تێکشکا
* وەک بڵێی عاشق بین
* خەمۆکی چییە ؟

## سەر لە بەیانی ئەمڕۆ
## یازدە جار پێش بەرچایی دڵم تێکشکا

بەیانیی ئەمڕۆ
پێشی بەرچایی
یازدە جار دڵم تێکشکا
شەش جارانم پێشی فراڤینێ دروویییەوە
یەکەمین جار : کە خاولییەکەت لە گەرماودا
لە تەنیشت خاولی من بوو .
دووەم جار : کە زانیم پێوستە جلەکانت
دوور بخەمەوە
تا کە لە بەر خۆم هەڵدێم و دەگەڕێمەوە
نەتبینمەوە .
سێیەم : کە دایکم گۆرانی دەچڕی
وەک گوڵێکی لەبەر خۆر کراوەدا دەردەکەوت

گریام
که کچی ئەوم
بۆچی ئەوەندەم تاریکی خۆش دەویٚ
من کچی ئەوم .
چوارەم : که ئەو کوڕە گەنجەی
له فڕۆکەخانەدا پێی گەیشتم
تەلەفۆنی بۆ کردم ،
وتی وەره له ڤییەننا بمبینه
قاوه له فڕۆکەخانەدا دەخۆینەوە و
دەبینه دوو غەریب
تەواو له یەکدی دەگەن
وەره له ڤییەننا بمبینه ..
پێنجەم : بۆچی هێشتا
له قەسیدەکانم دەردەکەوی ؟
شەشەم : بۆچی هێشتا
له خەونەکانم دەردەکەوی ؟
حەفتەم : بۆ تا ئێستا دەرنەکەوتی ؟

هەشتەم : کە خوشکم وتی :
ئایا دەزانی زانینی ئەوەی بەسەرت هاتووە
چەند بە ئێشە ؟
مەگەر نازانی چەند بە ئێشە ؟
نۆیەم : کە گوێم لە باوکم بوو
قاوەی دەکوتی
نەمدەزانی بەو ڕادەیە غەریبی دەکەم
دەیەم : کە ئەو قەسیدەیەم خوێندەوە
دوێنی شەو بە مەستی نووسیبووم
تەواو ڕاستگۆ و
شێوازێک تژی ڕاستی
بەسە چیدی مەخۆرەوە ،
ـ تۆ هەمەنگوای نی بەسە خواردنەوە ـ
یازدەم : زانینم بەوەی ئەم بەیانییە
دڵم پێش بەرچایی یازدە جاران تێکشکاوە .

## وەك بلێی عاشق بین

هەردووكمان درۆ دەكەین
بەڵام ئەوە لە بەتەنێ خەوتن باشترە..
ڕقم لە پانكەكەتە
كە بە درێژایی شەوێ دەخوولێتەوە
هەستی قەسرینم لا دروست دەكا
بەڵام من نایڵێم ..

چوون کە قسە دەکەم گوێت لێم نییە
گوێت لێم نییە ،
یا ناتەوێ گوێت لێم بێ
گرینگ نییە
لە هەر دوو باران
بە ئێشی گەرووم
بێدار دەبمەوە ..
وا پێشان دەدەم خەوم دێ
مەسەلەکە هەروایی دەردەکەوێ
کە نزیک دەبمەوە لەوەی دەستت بگرم
برادەرەکانم ،
بە نووستنم لەسەر تەختی تۆ
شڵەژاون
لە کاتێکا ئێمە یەکدی ماچ ناکەین
چەند فلیمێک دەبینین ڕقم لێیانە
دەنووین و پشتمان تێک کردووە
خۆ لێک ناسووین کە دەشتوانین ..

بەیانی ،
بە وردی ژوورەکەت دەپشکنی
تا دڵنیا بی
هیچ شوێنەوارێکی
پەیوەندییە خواروخێچەکەمانم
جێ نەهێشتووە
شەرم لە وایەری
بارگاوی کردنی تەلەفۆنەکەم دەکەیەوە
بە دیوارەکەتەوەیە
دایکت وا پێشان دەدا
ئۆتۆمبیلەکەمی لە ڕاڕەوەکەدا نەبینیوە .

هەموو شەوێ
لە تەنیشت یەکدی هەناسە دەدەین
وەک بڵێی ئەمە مانایەک ببەخشێ .

## خەمۆکی چییە ؟

پاکەتی جگەرە هەڵگرتن
بێ ئەوەی بیکێشی ..
پۆشینی جلوبەرگی
بە سێ ژماران گەورەتر ..
دابەزاندنی دوانزە کیلۆ لە کێش
لە هەمووی گاڵتەجاڕتر
دایکمی پێ دەترسێ ..

کڕینی پلیتی فڕۆکە
بایی هەرچی هەمە..

گریان لە بەشی خواردنەوە گازییەکانی
دووکانی بەققاڵەکان ..

پلان دانان بۆ زۆر شت
پاشان پەشیمان بوونەوە ..

پێنج سەعاتان نووستن لە نیوەڕۆدا
دادانەوەی پەردەی پەنجەران
لەبیر کردنی بەکارهێنانی دژەڕۆژ
نامە بە کۆمپیوتەر ناردن
بۆ مامۆستاکان
لە بارەی دوا کەوتن ..
ئۆتۆمبیل لێخوڕین تا بناری شاخ
بێ ئەوەی سەر بکەوی !!

زۆر قاوە خواردنەوە

خەو بردنەوە ،

پیاڵەی خواردنەوەش

بە تەنیشت جێخەوەوە

چەندین هەفتە هەمان فانیلە

پاشان لە ناکاو دانەیەکی نوێ .

---

(*) **فۆرتێسا لاتیفی:** ژنە شاعیرێکی ئەمریکاییە کە بیابانی کردووە بە نیشتمانی خۆی ساڵی 1993 هاتووەتە دونیاوە .

## چوارینەکانی شاعیری پورتووگالی ناسراو
## ــ فێرناندۆ پێسووا ــ(*)

(1)

وەک چەند قایەخێک بەسەر دەریاوەیە
سترانی پورتووگالییان
لە ڕۆحێکەوە بۆ ئەویدی دەچێ
بەرەنگاری نقووم بوون دەبنەوە .

(2)

مرواریيەكانی ئەم گەردانەيەم داڕشتن

پێشكێشی تۆی بكەم

مرواریيەكان دڵی منن

دەزوويەكەيش خەمەكانمە .

(3)

خاك بێ گيانە

شتێكی دی بێجگە لە دڵ ناژی

زەوی ساردوسڕ دەتخوولێنێتەوە

نەك سۆزی من .

(4)

بۆ ساتۆكەيەك لێمگەڕێ

بڕوام بەوە بێ تۆ هێشتا لێم نزيكی

خەمبارە ئەوەی پێی وايە

پێويستی بەوەيە بەخۆی خۆی هەڵخەڵەتێنێ .

(5)

به مردوویی له تەکتدا دەمێنمەوە

بێ ئەوەی شتێ بزانم ،

یا هەست بە شتێ بکەم

ئەوە بەسە

تا مەرگ چاکەی بەسەرمانەوە بێ .

(6)

نازانم داخۆ ڕۆح لەو دیو سرووشتدا دەمێنێ ؟

ئەگەر مردم ، یا ئارەزووی مەرگم کرد

ئەگەر زیندوو بام ، ئارەزووم دەکرد بتبینم

چونکە بە مردن نەبێ ناتوانم لەبیرت بکەم .

(7)

بەڵێ ، کەشی دوێنێ بەدتر بوو

بەبەر دەرگەی تۆشدا ڕابرد

گوێی لێ بگرە : هەناسەیەکی پێیە

باش دەزانی کێ بۆی ناردی .

(8)

دڵی خۆمم پێ دای

سەیری چۆنت ڕەفتار لەگەڵ کرد

تا ئێستا بۆت نەگەڕاندوومەتەوە

لەوانەیە لەبەر ئەوەی تێکشکابێ .

(9)

ئەو قتووەی سەرپۆشی نییە

هەمیشە کراوەیە

تەنێ بزەیەکتم پێ بدە

هیوا بۆ چیدی ناخوازم .

(10)

دوو سەعاتانت چاوەڕێ بووم

دوو ساڵانیشت چاوەڕێ دەکەم

چیتر چاوەڕێ بم ؟ وا دیارە نەیەیی

چوون ڕۆژ هێشتا پڕشنگان دەدا ؟

(11)

به درێژایی شەوێ لەئەستێرکێ

گوێم لە ئاوێ بوو

دڵۆپ دڵۆپ دێتە خوار

بە درێژایی شەوێ ، لە ڕۆحمدا بیستم :

تۆ ناتوانی خۆشت بوێم .

(12)

ڕۆژ ڕۆژە و شەو شەو

هەرگیز نانووم

چونکە بە ڕۆژێ ناتبینم و

شەویش بیر لە تۆ دەکەمەوە .

(13)

گوڵێکت لە دەست گرتووە
لە بێئاگاییدا چنیوتە
بەڵام وا دیارە دڵمت
بە ئاگادارییەوە .

(14)

چاوەکانت خەمبار ، وێڵ
پشتیان بە هیچ شتێکەوە نەداوە
ئای خۆشەویستم ، خۆشەویستم
بریا لانی کەم من ئەو هیچ شتە بام .

(15)

شەو دوای ڕۆژ دێ
ڕۆژ دوای شەو
پاش سۆزیش
ئەو سۆزە دێ ستەممان لێ دەکا .

(16)

داخۆ ئەوەندە دەهێنێ سەنگین بم ؟

نازانم گەر ئەو هەموو هیلاکییە بهێنێ

چاکتر وایە بە خامۆشی بمێنمەوە

لەوەی تەماشای سیمایەکی دڵنیا بکەم .

(17)

سۆلێکت لە پێیە

بنیان لە زەوی دەکوتن

مردن بۆ من خۆشترە

لەوەی یەک چرکە لە بیستنیان بوەستم .

(18)

سەرت دەسووڕێنیەوە پرسیار بکەی

گوارەکانت وەک دوو پەڕەسێلکەی وەڕس

کە هێشتا فڕین نازانن

دەست بە سەما دەکەن .

(19)

گوڵێکت بە دەستەوەیە

نازانم دەمدەیتێ یان نا .

بەڵام ئەو گوڵانەی سەر ڕووت

ئەوە دەزانی چۆنیان بپارێزی .

(20)

ئای خانمە کەژاڵەکەم

ئەی کەژاڵە گەنجەکە

بەوە بڵێ کە  لێرەوە دەتبینێ

تۆ هێشتا زۆر بچووکی .

(21)

کتێبێکت هەیە نایخوێنیتەوە

گوڵێکت هەیە پەلک پەلکی دەکەی

دڵێکت بە پێیەکانتەوەیە

هەرگیز چاوی لێ ناکەی .

(22)

شتێکت قەت نەوتووە خۆشت ویستووە

ئەگەر من پێم نەگوتبی

دەزانم پێشبینی ئەوەت کردووە

لێ نازانم بیرت لەچی دەکردەوە .

(23)

گوڵێکم هەبوو بیکەمە دیاری

بۆ ئەوەی جەسارەتی ئەوەم نەبوو پێی بڵێم :

پێم خۆشە قسەی لەگەڵ بکەم

هەر ئێستا گوڵەکە سیس بوو .

(24)

کە ئاوڕ دەدەیەوە

باوەڕ ناکەم بۆ من بێ

بەڵام تۆ تەماشا دەکەی ، تەماشا دەکەی

ئەمەشیان باشتر .

(25)

هەموو ڕۆژێ

بیر لەو بزاوتە ئازایانە دەکەمەوە :

ملپێچی فەرامۆشکراو

لە نزیک ئێرەدا هەڵدەگرییەوە .

(26)

گوێم لێتە ڕۆژان گۆرانی دەچڕی

شەوانیش گوێم لێتە گۆرانی دەڵێی

داخ لە من ، ئەگەر  لە خۆشیان بێ

داخ لە من ، ئەگەر لە خەمان بێ .

(27)

ڕێحانە کێویلەی دەکرِدرێ

باشتر نییە لەوەی دەیدزین

لە ڕێحانە کێویلە گەڕێ

دڵتم بدێ .

(28)

ئەو گوڵەی دەڕندرێ

زۆر ناژی

کەس سەیری تۆ ناکا

کەس نایەوێ بترِنێ .

(29)

ئەی ئەو پەڕەسێلکەیەی تێدەپەڕی

کێ چاوەڕوانتە ؟

تەنیایە ئەوەی دەتبینێ تێدەپەڕی

متمانەی بە سبەی نوێ دەکاتەوە .

(30)

شانەیەکی ئیسپانیاییت

بۆ قژە پورتوگالیایەکەت هەیە

کاتێ خۆریش دەتپێچێتەوە

دەچیتە ئەو بارەی خوا خەڵقی کردووی .

(31)

دوو جارانم تکا لێ کردی

ئەمەم دوو جاران زانی

دوا جار وەڵامی ئەوەت دامەوە

لێم نەپرسیبووی .

(32)

کە بە دڵنیاییەوە دەئاخڤێی

نازانم بیر لە چی دەکەیەوە

ڕەنگە بەو ڕیسواکردنانە بێ

بە بێدەنگیت دروستی دەکەی .

(33)

نەورەسەکان دووبارە و دووبارە

لە ڕووبارەوە بەرەو دەریا دەفڕن

بێ ئەوەی مەبەستت بێ ،

ئەفسووناوی دەردەکەوی

چوون ئەوەندە پێویست نییە بفڕی .

(34)

له گۆزەیەکی گڵین

ئاوێکی سازگارتر دەخۆینەوە

خەمگین نانوێ

بێدار دەبێ تا بە شادیێ ڕا دەگا .

(35)

چەند ڕاستییەک هەن دەگوترێن

هەندێکیش کەس نایانڵێ

شتێکم هەیە پێتی دەڵێم

بەڵام ونم کرد .

(36)

هەورێک لە ئاسمانە

بە هەموو ئەوانە دەچێ خۆشمان دەوێن

گەر تۆ لانی کەم ئەوەم بدەیتێ
ئەوەی پێدانی ، بەربەستی تێ ناکەوێ .

(37)
ئەو هەورەی تێدەپەڕێ
بەرز دەڕوا
بیری منیش دیلی ئومێدەکانتە بەرز دەڕوا
وەک  هەور کە دیلی بایە .

(38)
مەریەم ، کە بانگت دەکەم وەرە ئێرە
مەریەم بڵێ کە تۆ ناتوانی بێی
ئا بەو شێوەیە
دەتوانم بتبینم .

(39)

مۆمێکم لەبەر ئەو سۆزەی

خوداوەند پێی دای داگیرسان

شەو بەسەر گوند و

ئاسمانانیشدا نەما .

(40)

کتێبێکی بچکۆلەم پێیە

کە تۆم لەبیر دەچێتەوە لێی دەنووسم

کتێبێکی بەرگ ڕەشە

هێشتا وشەیەکم تیا نەنووسیوە .

(41)

هەندێ جار ژیان چەند شتێکی کەمە

خۆشەویستی ، ژیانێکە هەڵیدەگرین

بە هەردوو لایاندا بڕوانە

کەس نایێ لەگەڵم بئاخڤێ .

(42)

به ئاسپایی ، به ئاسپایی بۆشایی دەگوزەرێ
یاخی دەبێ تاکو بنوێ
به کورتی ، بۆشایی دەگوزەرێ ،
به کورتی فێری لەبیرکردنمان دەکا .

(43)

ئەی هەوری بڵند ، ئەی هەور !
بۆچی ئەوەندە دوور دەڕۆی ؟
ئەگەر تۆ خێوی خۆشەویستی کە من نیمە
کەمێک دابەزە ، کەمێک .

(44)

ئەو هەورەی بە ئاسماندا تێدەپەڕێ
لەوەی دەپرسێ کە چ پرسیاران ناکا
گەر بە قازانج بێ بڵێین بیدەین بە کێ ؟
( ئەوەی داومە ، نایدەم بە تۆ ) .

(45)

ئەی جۆێباری بچووک ، جۆێباری بچووک
ئەوەی ئاسان ڕا دەکا
بە تەنیا ڕا دەکەی ،
وەکو من ، ئەی جۆگەی بچووک !

(46)

لە کۆتاییدا
ئاخاوتنە درۆینەکانت
بەختەوەرم ناکەن
لێ بەختەوری لە مندا ئەوەیە قسە بکەی .

(47)

بۆم بخەندە ، خەندەی یەکشەمموان
تاکو دووشەمم بەبیرم بێتەوە
تۆ دەزانی  من هەمیشە لە پشتتەوەم
زۆر پێویست نییە بڕۆی .

(48)

جلی جوان دەپۆشم

پێڵاوەکانم لە پێ دەکەم

دەچمە ناو خەڵکی

تا بە دوای ئەوەدا بگەڕێم نایدۆزمەوە .

(49)

لە پشت چیا کەسکەکانەوە دێ

برووسکە کە من  نایبیسم

زایەڵەیەکی جوان ، بزر

کە دەیدوێنێ  .

(50)

مسکێن ، دڵی بچکۆلانەیە

بە تین و تاوەوە کار دەکا

بە ڕۆژێ دەگری و

ئێوارانیش واوەیلا .

---

• **فێرناندۆ پێسووا** : شاعیری ناسراوی پورتوگالیایی کە لە هەمان کاتیشدا نووسەر و ڕەخنەگر و وەرگێڕ و فەیلەسووفیش بووە .
13ی 6 ی1888 لە شاری لەشبوون لە دایک بووە ، پێنج ساڵان بووە کە باوکی مردووە ، پاشان بە خێزانەوە دەچنە باشووری ئەفریقا ، لەوێ لە قوتابخانەیەکی ئینگلیزی دەخوێنێ . لە 13 ساڵیدا دەگەڕێتەوە پورتوگال ، ماوەیەک لە زانکۆی لەشبوونە دەخوێنێ . ساڵی 1914 یەکەمین قەسیدەی بڵاو

دەکاتەوە . 30ی نۆڤێمبەری 1935 بـە نەخۆشـی کـۆچی دوای دەکا .

پێسووا نزیکەی 25000 ڕەشنووسی لە دوای خۆی بەجێ هێشـتووە لـە شـیعر و فەلسـەفە و ڕەخنـە و وەرگێـڕان وشـانۆیی لـە کتێبخانـەی نیشـتمانی لەشـبونە بـە نـاوی (**ئارشیفی پێسووا**) پارێزراون . هەندێ لەو ڕەشنووسانە لێیان بڵاو کراوەتەوە ، لەوانە :

- کتێبی نادڵنیایی
- سروودەکانی ڕیکاردۆ دو ڕییس
- دەرگا و چیرۆکی تر
- قەسیدەکانی ئالبارۆ دی کامبۆس
- شوانی مێگەل و قەسیدەی تر
- چوارینەکان و ... هی دی .

## چەند دەقێك لە شاعیری عێراقی (عەدنان موحسن) ــەوە (*)

- دەقی ترس

ناوچەی دوورەدەستم لە مێشکیدایە
دوور زۆر دوور
هیلاکی وای تێدایە
لە ڕاشکاوانیش جێی نابێتەوە
دڵیشم ترسێکی تیایە
ترسێک و
چیتر نا ..
تیککە نانێک
بە بەر چاوی ئەوانی دییەوە
ساتمە لە پووکی دایکم بکا .

## ● دەقی برادەر

(بۆ ئادەم حاتەم )

وەک خووی خۆی
شەو لە گیرفانی دەردێنێ
بە ئاراستەی ئەو ڕێیانەی
دەچنەوە سەر نەخوازراوان
وەکو خووی خۆی
ڕێگاکان هەمیشە
بە سێ بەربەستان
دوور لە قاچەکانی
پیاسە دەکەن .

- **دەقی سەرکێشی**

به مەودای دوو تنۆکە فرمێسک لە سیمامەوە
لەگەڵ هەمووان لەبارەی ئەوەوە دەدوێم
کە خوداوەند و چەند پەیامبەرێ
پێیان خۆش نییە .

- **خاوەندارییەتی**

لە هەموو مەیخانەیەک
خانەوادەیەکم هەیە
هەروا چەند قەسیدەیەک
کە بە هەمووان دەینووسن
هەر کەسە و بە پێی خەمی خۆی و
هەر یەک
بە پێی خووی خۆی .

له هەر گوڵێکدا
شوێنەواری پەنجەکانی و
پاشماوەی بۆنی ژنێکم هەیە
کە پێنج کیشوەری
لە نێو دەستیدا دەنوێ .

له هەر ڕێیەک
لەوەی بەم هەنگاوە دەچێ و
بەربەستی وا
تا ئێستا ناتوانم شوێنیان دیاری بکەم
له هەموو شوێنێکدا
ژوانێکم هەیە
بە مەودای دوو تنۆک فرمێسک
لە بەسەرچوونی وەخت لەبیری دەکەم .

- ## کارتی کەسییەتی

ڕەنگە ئەو خنکاوەی فڕێدراوەتەوە
کەناری ڕووبار
من بم
هەموو شتێک ئەوە پێشان دەدا
ئاوی نێو پەنجان
ئەو کراسەی لەبەری دەکردم و
ئەو چاوەڕوانییەی کە نایێ
لەوانەیە من هەڵە باوەکانیم
بەردهاوێژێک لە ژیانیدا هاوێتبێ
پاشان
بەوپەڕی گەرمییەوە تەوقەی لەگەڵدا کردبێ
چوار ساڵی بەسەردا بووریوە
لە ساڵی جیاجیادا
ڕەنگە من بە دوو دارشەقەوە

له شێوەی قەڵافەتی لەڕولاوازی
گەیاندبمە بازاڕی شار
پێیان گوت
لەوێ لەوسەری شۆستەدا
ژنێک هەیە
هێشتا تێیدا ماوە
هەروەها کورسی بەتاڵ
بۆ ئەوانەی گەیاندوویانە و
پێی نەگەیشتوون
ڕەنگە من شەوانە
دڵ و زمانی ببینم
وەک menage a trois (**)
چاو لێک بترووکێنن .

(**) لێرە زیتر بە سێگۆشەی خۆشەویستییوە هاتووە ،
شاعیر لە ئەسڵدا وای داناوە .

- هەندێ

هەندێ
لەگەڵ ئەوەی
نە تامیان هەیە ،
نە بۆن ،
نە ڕەنگ
بەڵام بە ئاو ناچن .

- وردەواڵە

ـ ئەوە خووی منە
ئەوپەڕی دەچێتە ئەم پەڕ .
ـ لە نیوەی مۆتەکەدا
خەونە لەناوچووەکانم دەژمێرم .

-بە شوێنپێی ساتمەکانت
گشتیان
بە دڵی خواسەوە دەڕۆن .

-لەسەر شۆستەی تاریکاییدا
ڕوناهی
لە نیوڕۆخەودا بە ئاگا دێ .

-لە قامووسی کاتدا
چاوەڕوانی
تەنێ لە ڕابردوودا دەجوولێتەوە .

- حیکمەت ئاوێنەی خورافەیە
ئاوەز باخچەیە
شێتییەتی تێدا دەسووڕێتەوە .

- ڕۆژگار تۆی پێشان دام
کێ ڕۆژگاری پێشانی من دا .

- من ئەلف و بێی ڕۆشنایی تۆ فێر بووم
تا مێژووی تاریکایی بخوێنمەوە .

- من فێری دەست گرتنەوە بووم
تا دەستەکانت بخوازم .

- لە دەوروبەری ڕۆژگارمدا
لە هەر بزربوونێکی جەستەم
شوێنێکە .

- هەر فرمێسکێک
چاوەکانت نەیڕشتبێ
سەرەتا دەبێ بە هەڵم .

- تا لە چاوی برادەرێکدا نەمخوێندەوە
لە مەرگی خۆم دڵنیا نەبووم

- کە ژن توورە دەبێ
سواری سەری خۆی دەبێ
کە پیاویش توورە دەبێ
سواری هەمووان .

- کە یەکەم بە دووەمی وت
پیاو بە و دوام کەوە
ژنەکە زەردەمسکە بووەوە و
دووەم پەشۆکا .

- بە کوێرایی چاوی زمانم
بە لێوم دەڵێم بئاخڤێ .

- لەگەڵ ئەوەی
به دەرگادا هاتم
شوێنەوارێکیم بەسەر پەنجەرەدا نەدی .

- نەیدەتوانی بمبینێ
کەچی چرای کوژاندەوە .

- لە بەروبوجگوڕی خێزان .
یاداوەری
دوا شتە بۆم مابێتەوە .

- نیشتمان
یەکەم نەخۆشی بەربڵاوە تووشی بووبم
هۆیەکانم بە بیر نەیەتەوە .

- برادەر

برادەر

کە وەختی نووسین دادێ

بۆت هەیە ڕستەیەکی بەسوود

بۆ نیشتمان بنووسی

نیو ڕستەیش لەبارەی برادەرانەوە

لەوانەیە بە سوود بێ

کە دێتە سەر دڵبەریش

هیچ مەنووسە

ئەوەندە بەسە

بەردەوام

چاو لە بۆشاییدا ببڕی

ئەوی دی بۆ ئەو لێ گەڕێ .

- هەندێ دەیانەوێ

هەندێ دەیانەوێ
ببنە شاعیری مەزن
هەندێکیش دەیانەوێ
ببن بە وەرگێڕی گەورە
لێ هەموو ئەوەی من دەمەوێ
ژنەکەم پێشی خۆم بخەوێ
تا بەتەنێ بچمە ئاشپەزخانە و
وەک چۆلەکەیەکی بریندار
سەما بکەم .

- ڕاستەوخۆ

ڕاستەوخۆ
دوای کەوتنی ددانی عەقڵی
هیچم بۆ نەماوە خەونێک نەبێ
وەختێ ، ژنێ
لە وەختی دەسبەتاڵیدا
خۆشی بوێم
یا کاتی حەسانەوەی
یا پشوودانی
یاخود کە وەختی پێویست دادێ
سنگم دڵێکی تێدایە
خۆشەویستی زۆری
لە هەموو وەختان لەسەرە .

- **دەکرا پێکەوە بگرین**

**دەکرا پێکەوە بگرین**
**ئەگەر**
**هەموو دەسرۆکەکانی**
**لە گیرفانی مندا جێ نەهێشتبا**
**منیش**
**چی فرمێسکی پێم مابوو**
**لە جانتایەک لە جانتاکانیم لەبیر چوو بوو .**

---

(*) **عەدنان موحسن** شاعیرێکی عێراقییە لە بەغدا لە دایک بووە ، دوادواکانی حەفتایەکان عێراقی بەجێهێشتووە ڕووی لە لوبنان کردووە پاشان چووەتە پاریس ، ئێستاش هەر لەوێیە . تا ئێستا سێ کۆشیعری بە عەرەبی و فەرەنسی بڵاو کردووەتەوە ئەو دەڵێ : "هەندێ لایان وایە پێویستە شیعریان بەزێڕ بخەملێنرێ ، لێ من وای دەبینم شیعر دەخوازێ بە تەرازووی ژیان بکێشرێ چونکە بەهادارتر و وردتر و ڕاستگۆترە .." .

محەمەد ئەلقلینی (*)

---

- وەک هەمیشە سەعات شەش
لە خەو هەڵدەستم
- هەموو ئەوانەی لێم دابڕان
- ئێمە زۆر پێک دەچین
- هیچ قەسیدەیەکم
لەبارەی دەریاوە نەنووسیوە

## وەك هەمیشە
## سەعات شەش لە خەو هەڵدەستم

وەک هەمیشە سەعات شەش
لە خەو هەڵدەستم
فرمێسکی پەنجەرەکەم دەسڕمەوە
کە چۆلەکە جێیان هێشتووە
جوان ئاو لە دەمم وەردەکەم
ناوی خۆشەویستەکەم
کە بە زمانمەوە نووساوە
لێ بکەمەوە
پێخەفەکەم لە بۆنی تەنیایی
پاک دەکەمەوە ..
من باشم برادەران !
نیگەران مەبن
هێشتا هەموو هەفتەیەک

قەسیدەیەک یا دووان دەنووسم
قاوەی تاڵ دەخۆمەوە
بە گەسک وەدوای مردووان دەکەوم
کە لە هەواڵنامەی سەعات نۆدا
هەڵدەوەرێن
دۆستەکانم !
من باشم و
تا بڵێی بەختیارم
ئەوەتا کرێکاری ساختەی پاکوخاوێنی
لەو ڕاپۆرتەی
لەسەری داومەتە لایەنی ئەمنییەت
کە کاری تێدا دەکا
سوپاسی کردووم و
پێی گەیاندوون
چۆن خەونەکانم
دە کیسەی نایلۆنی ڕەش داوێم و
بەیانیان بۆ ڕووگرژی دەیدەمێ ..

برادەران من باشم
ڕاستە وەڵامی پەیوەندییەکانتان نادەمەوە و
دەرگا لە کەستان ناکەمەوە
بەڵام من باشم .. نیگەران مەبن
هێشتا لەسەر سرووتەکانی ڕۆژانەم
بەردەوامم و
لە خانووچکەکەم کە دەڵێی مەیتخانەیە
وەک هەر جەنازەیەکی گوێڕایەڵ
دێم و دەچم .

## هەموو ئەوانەی لێم دابڕان

هەموو ئەوانەی بەجێیان هێشتم
پارێک لە جەستەمیان لەگەڵ خۆیان برد
تا پێیان بەبیرم بێنەوە

دڵدارەکەم دڵمی لەگەڵ خۆیدا برد و
بەبێ بایەخییەوە فڕێی دایە سەر
کورسییەکەی تەنیشتی لە فڕۆکەدا
بردی و
لە منی دوور خستەوە ..
باوکم باسکەکانی بردم
تا نەهێڵێ قەسیدەی نوێ
بۆ خۆشەویستێک بنووسم
جارێکی دی نایبینمەوە ..
برادەری منداڵیشم ڕایسپارد بوو
زمانم لە تەک وی بنێژن
تا هەمان سترانی لەگەڵدا بچڕێ
کۆن زۆر جاران پێکەوە دەمانچڕی و
تاکو هەست بە تەنیایی نەکا .

هاوسێشم کە سەری هەڵگرت
دوای ئەوەی لە ڕووداوێکی تۆقێنەر

هەر دوو قاچی لە دەست دان
ئێستا خۆشبەزێکی بەناوبانگە
لە هەر دەرکەوتنێکیدا لە تەلەفزیۆن
دەست بە قاچەکانم دادێنێ
ئەوانەی لە کاتی بەڕێکردنیدا
لێی بە قەرز وەرگرتبووم
بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە
بۆم بگەڕێنێتەوە
یا تەنانەت پێم بڵێ : سوپاس .

بەم جۆرە هیچم لێ نەمایەوە
لە چاوێک بەدەر
کە چەندی لە ئاوێنەدا سەیری دەکەم
فرمێسکێکی تیا دەبینم
لە ڕژان نایوەستێنێ
بەڵام ڕوومەتێک نابینێتەوە
بە سەریدا بێتە خوارێ .

## ئێمە زۆر پێك دەچین

ئێمە زۆر پێک دەچین
کەس تێبینی جیاوازی نێوانمان ناکا
دە وەرە ئەی درەخت
ڕۆڵی خۆمان بگۆڕینەوە
تۆ دەچیتە ماڵی من و
وا پێشان دەدەی تۆ منی
منیش هۆ لەو چۆلاییە

لە جێی تۆدا دەوەستم

وای نیشان دەدەم تۆم

هاوسێکانم بە قسەوقسەڵۆکان غەیبەتت دەکەن

وەک ئەوەی ڕاهاتوون لەگەڵ منیشدا وا دەکەن

وەکو منیش

لە بەروبوومی بە تامت زێتر لێ هەڵناوەرێ

مناڵە برسییەکانیشم

یەک بەرت لێ ناکەنەوە

چوون فێرم کردوون

هیچ خەونێک نەدروونەوە

گەر بە ئارەقەیان تەڕ نەبووبێ

وەرە درەخت ڕۆڵمان بگۆڕینەوە

بەڵێنت پێ دەدەم

چۆلەکەکانت

ئەگەر لەسەر سنگیشم نووستن

بێداریان نەکەمەوە

پرچی با دابێنم و

دەست بە قورگی پڕ لە هاواری دادێنم

بەڵێن دەدەم

دوو عاشق

کە ماچێکی بە دزی

لە پشتی ترسەوە دەکەن

بشارمەوە

هەرگیز خۆم

لە گەرمای پڕوکێن نەدزمەوە

وەرە ئەی درەخت با ڕۆڵمان بگۆڕینەوە

تا لە تۆ فێر بم

ڕەگ و ڕیشەی خۆم خۆش بوێ

کە بە هێز و تاوەوە لە خاکم دەچەسپێنێ

خۆشم دەوێ ..

تەنانەت کە ڕێگەی هەڵاتنیشم

لە سیمای دارکەرێکی مڕومۆچ لێ دەگرێ

## هیچ قەسیدەیەکم
## لەبارەی دەریاوە نەنووسیوە

هیچ قەسیدەیەکم لەبارەی دەریاوە نەنووسیوە

چونکە ترساوم وشەکانم

بەر پاپۆڕە نقووم بووەکان بکەون

یا قەڵەمم بە ڕشانەوەی گەنجێک پیس ببێ

وەختی هەڵاتنی بۆ وڵاتێکی سنگفراواتر

دەریا تووشی سەرسووڕانی کردووە

دیسان هیچ قەسیدەیەکیشم

لەبارەی ئاسمانەوە نەنووسیوە

چوون خەونەکانم بە بێ باڵیش دەمگەیێنن

پاشان تفەنگەکان لە دەرەوە

پاسارییەکیان نەهێشتووە نەیانکوشتبێ

هەوڵیشم نەداوە

قەسیدەیەک لەبارەی ڕێگاوە بنووسم

چوون غوربەت

پێیەکانمی خواردووە

سەرەڕای ئەوەی دزەکان

تریفەی مانگیان لە گیرفانییان کردووە

ڕێگایان بە تاریکی هێشتووەتەوە ..

تەنانەت قەسیدەم

لەسەر بەهەشتیش نەنووسیوە

چونکە من خۆشەویستێکم نەبووە

لەسەر مەمکی بنووم

کە ئۆقرەیشم وشک هەڵاتووە

لێوی ژنێکم نەمژیوە

من شاعیرێکم

تا ڕادەیەک لەسەر هیچم نەنووسیوە

تەنیا جارێک

قەسیدەیەکم لەبارەی گۆڕێکەوە نووسی

بە قەبارەی نیشتمان

پاشان جەستەی خۆمم تێهاوێشت و

مردم .

من شاعیرێکی تا بڵێی هەژارم

کە منداڵەکانم برسی دەبن

قەسیدەی فرێشیان دە گەرووی داوێم

کە ژنەکەیشم ترسی ئایندەیەتی

لە پەراوێزی تێکستێکی خراپ دەیشارمەوە

چوون چاوی شەیتانان

بە سرووشتی خۆیان

بەسەر دەق دا نەبێ ناسوورێن

لە باتی نان و پەنیر و شیری پاکژی منالان

دیوانێکی شیعر و

بەستەیەک کاغەزم کڕی

ژنەکەم هاواری کرد

" تۆ باوکێکی خراپیت "

له کاتێکدا

به تووڕەییەوە  دیوانەکەی دەخوارد

بەڵام ڕێگەی دام ئەو ڕستانەی

بە لێوییەوە نووسابوون

تا دوا پیتی  وشەی ( خۆشم دەوێی )

بلێسمەوە .

---

(*) محمد القلینی شاعیرێکی میسرییە ساڵی 1983 لە دایک بووە کۆلیژی- ماف-ی لە زانکۆی تەنتا تەواو کردووە ، تا ئێستا دوو کۆشیعری بڵاو کردووەتەوە ، چەند خەڵاتێکی بردووەتەوە لەوانە : خەڵاتی ( اخبار الادب و پیشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە قاهیرە و خەڵاتی شاعیر محمد عەفیفی مەتەڕ.

## باربارا

جاک بریڤێر

به بیرت بێتەوە باربارا !

ئەو ڕۆژەی باران بێ پسانەوە

بەسەر (برێست)(*) ێدا دەباری

تۆش خەندەلێو ، دڵئاوا

شاد و بە بارانێ تەڕ دەڕۆیشتی ..

به بیرت بێتەوە باربارا

باران بێ پسانەوە

بەسەر (برێست)ێدا دەباری
له شەقامی (سیام) پێت گەیشتم
تۆ دەگرژییەوە ،
منیش وەک تۆ زەردەمسکە دەبوومەوە
باربارا لەبیرت بێ
تۆم نەدەناسی
تۆیش منت نەدەناسی
بە هەر حاڵ ئەو ڕۆژەت بە بیر بێتەوە
له بیرت نەچێ
پیاوێک لەژێر بانیژەوە چاوەڕوان بوو
بە ناو بانگی کردی : باربارا !
تۆش لە بەر بارانێدا دڵئاوا و شاد و تەڕبوو
ڕاتکرد بۆی و خۆت بە باوەشی دا دا
ئەوەت لەبیر بێ باربارا !
تووڕە مەبە ئەگەر بێ تەکلیف ،
خۆییانە
بانگم کردی

من لەگەڵ هەموو ئەوانەی خۆشم دەوێن
وا دەکەم
ئەگەر نەیشیانناسم ..

ئەو بارانە هێمنە هشیار و بەختیارە
بە سیمای خەندەدارتەوە
بەسەر ئەو شارە بەختیارەت
لەبیر نەچێ ..
ئەو بارانەی بەسەر دەریاوە ،
بەسەر بەندەرەکەوە ،
بەسەر کەشتیی (ئۆبسان)(**) ..

ئای باربارا !
چ گەمژەییەکە شەڕ
دەبێ ئێستا لە کوێ بێ
لەژێر ئەو بارانە ئاسنینە
ئاگری پۆلا و خوێن

داخۆ ئەوەی دەبووایە بە حەز و شەیدایی
لە باوەشی دابی
مردبێ و ون بووبێ
یا هێشتا ماوە

ئای  باربارا !
باران وەک پێشان بێ پسانەوە
بەسەر (برێست)ێدا دەبارێ
لێ وێنەی جاران نییە ،
هەموو شتێک وێرانە
ئەوە بارانی کڵۆڵی و ڕەشپۆشییە
نەک زریانی پۆڵا و خوێن
ئەوە بە سادەیی چەند پەڵە هەورێکن
وێنەی کسۆکان دەتۆپن
ئەو سەگانەی لە ئاوی  (برێست)ێدا
ون دەبن
تا دوور ، زۆر دوور

له ( برێست )ێ

که هیچی لێ نەماوەتەوە

بۆگەنی دەبن .

---

(*) برێست ، شارێکی فەرەنسیە بەسەر کەناراوەکانی ئەتڵەسی کە زۆربەی لە شەڕی دووەمی جیهانیی دا وێران بوو .

(**) ئۆپسان ، ناوی کەشتییەکە سەرنشینی لە نێوان برێست و دوورگەی ئۆپسان دەگواستنەوە ، لە شەڕیدا تێکشکا .

## شار چۆل .. شەقام چۆل
## سترانە غەمگینەکەی ئەفغانستان

شار چۆل .. شەقام چۆل
کۆڵان چۆل .. ماڵ چۆل
پیاڵە بەتاڵ .. خوان بەتاڵ ..
بادە و پەیمانە بەتاڵ
دۆستی هوزاران
دەستە دەستە
کۆچیان کرد .

باخ چۆل .. باخچە چۆل
لق و چڵ ڕووت
هێللانە چۆل .

وای لە دونیاییێک
دۆست لە دۆستی دەترسێ
خونچەی تینوو
لە گوڵزار
عاشق لە دیدار دەترسێ
پەنجەی ژەنیار
لە ژێ
شاسوار
لە ڕێی تەختان و هەموار دەترسێ
ئەم پزیشکەیش
لە بینینی نەخۆشان دەترسێ .

(ساز)ـەکان بشکێنن ،
ئێشی شاعیرانە
سنووری تێپەڕاندن
ساڵانی چاوەڕوانی

بۆ من و تۆ

خراپ تێپەڕین

ئاشنا بوو بە نەناس

تا وتم (بەڵێ)

بوو بە بەڵا

گریام ، ناڵیم

ئەڵقەڕێزی دەرگایانم کوتا

بەرد بەردی کۆڵیتی وێرانم

بە سەرم دادا

ئاو ئاوی نەبزواند

نوستووی لە خەو هەڵنەستاند .

کانی وشک بوون

دەریا لە ماندوویەتییان (بژ)ی پێوە هات

ئاسمان

ئەفسانەی ئێمەی

بەهەند نەگرت ..

پیاڵە جۆش و خرۆشیان نییە
عەشق باوەشی نییە
بۆ من .. بۆ ناڵەم
هیچ کەسێ گوێچکەی  نییە .

سەیرە کاروان ڕۆیشت و
دیسان هاتەوە
سەیرە دیسان
دڵبەرانی بە عیشوە
ساز و ئاهەنگ و خۆشخوان هاتنەوە

تا گوڵی پەرش و بڵاوی

مەعشوقی بەسۆز بێ

تاکو دیسان

ڕوو لە دەرگای (حافز)

گوڵ بڵاو و

مەی لە پیاڵە بکەینەوە .

(*) ئەم سترانە شیعری شاعیر و ئاوازدانەری ئەفغانی ناسراو ( ئەمیر جان سەبوور)یە کە لە شاری هورات لە دایک بووە . لەم چەند ساڵەی دواییدا بەناو و بانگترین سترانی ئەفغانستان بووە و بە دەیان هونەرمەند چڕیویانە کە بەشێک لە کارەستە یەک بە دوای یەکەکانیان دەردەبڕێ ... تەنانەت ئاوازی گۆرانییەکە گەیشتووەتە دەرەوەی ئەفغانستانیش .

## تۆ کە لە نهێنی عەشق ناشارەزای
## لۆمەی ئێمە مەکە(*)

گیانە تۆ
سۆز و دەردی
دڵی ئێمەت نەدیوە

ئەوەی
لە ئێمە بپرسە
کە تۆ ئەوانت نەدیوە..

( به دڵبەر بڵێ بە خۆپەنهاندانی
بمانکوژە
دڵ ویستی بە دەردی خۆی
بە موراد بگا )[1]

بە شین و ڕۆڕۆی گەرم و
هەناسەی ساردی ئێمە
پێمەکەنە !

تۆ هێشتا منالّی
گەرم و ساردی دونیات نەدیوە .

( خۆشەویستی
یانی چاوی عاشق
بە تەڕی ببینی
دێت و

خلّتانی فرمێسکی
گریانی
خۆی بووە ) [2]

تۆ کە لە نهێنی عەشق ناشارەزای
لۆمەی ئێمە مەکە

ئێمە سەرگەرمی گەشتین و
تۆ دەریات نەدیوە ..

من لەبەر دام لە حاڵ و بار
با خەبەرت کەم
تۆ بێ خەمی

تۆ دەردی دڵت تەنیا بیستووە
بەڵام نەت دیوە .

(*) ئەمە بەشێکە لە قەسیدەیەکی درێژتری شاعیری فارسیزمان (جەلالەددین عەزدی یەزدی) کە لە لایەن هونەرمەندان ( مێهدیێ عەباسی و مینای دەریس) بە هاوکاری گرووپی نواک ـ لە سترانێکی مەئاڵ سۆفیدا بە تێکهەڵکێشێکی باڵکێش و شایان کە دوو بڕگەی بە زمانی عەرەبی تێدایە و لەلایەن خاتوو( مینای دەریس)ـەوە گوتراوە ـ لەناو دوو کەوانە دانراوە ـ تەواوی قەسیدەکە فارسی و عەرەبییەکەی دەقی ئەو سترانەیە لە یوتووب بڵاوکراوەتەوە ، هەر لەوێوەش کراوە بە کوردی ـ وەرگێڕ.
بڕوانە : https://www.nabavi.co/blog/32354
(1) و (2) ی ناو کەوانە بە عەرەبیە و لە لایەن (عەبدولقادر مەراغی)یەوە نووسراوە خاتوو مینای دەریسی چڕیویەتی .

## لویس ئاراگۆن

- پێکەوە دەنووین
- ئێلزا خۆشم ئەوێی !

## پێکەوە دەنووین

یەکشەممە بێ ، یا سێشەممە
بەیانی بێ یا ئێوارە
نیوەڕۆ بێ ، یا نیوەشەو
لە بەهەشتێ یا لە دۆزەخ
خۆشەویستی لە بەرز ڕاگرتن و ملکەچی دەچێ
ئەوە دوێنێ بوو کە پێم وتی :
پێکەوە دەنووین .

ئەوە دوێنێ بوو ، سبەیش هەر وا دەبێ
لە تۆ بەدەر
ڕێگەیەکی  دیم نییە
دڵی خۆم و دڵی تۆم پێکەوە
لە دەستی تۆ ناوە
ئینجا چوون بە چوارپەلان دەڕوا

به هەموو ئەوەی
لە سەردەمی ئادەمییەوە هەیەتی
پێکەوە دەنووین .

خۆشەویستم
ئەوەی بوو دەبێ
ئاسمان وەک سەرپۆش بە سەرمانەوەیە
منیش باسکم لە تۆدا گرێ داوە
لە تاو خۆشەویستیم بۆ تۆ دەلەرزم ..
زۆر
چەندی بتەوێ
پێکەوە دەنووین .

## ئێلزا خۆشم ئەوێی !

بەقەد ماچان
زۆر بە خێرایی
ساڵ تێدەپەڕن
دوور کەونەوە ، دوور کەونەوە ،

دوور کەونەوە
یادگارییە تێکشکاوەکان .

ئەی ئەو کژەی
هەمووی ژیانی تێدا خۆش بوو
ئەم هاوینە
وەک هاوینی کتێبان
زێدە جوان بوو
نا
بە لۆژیک ،
وام دەزانی دەتوانم دڵخۆشت بکەم
کە دارستانی گەورەی ( شارترۆز)
یا شەوێکی دڵڕفێن لە بەندەری ( تۆلۆن)
وێک هاتوو ، وێنەی بەختەوەری
کە نەتوانی لە سێبەردا بژی .

بەقەد ماچان
ساڵ تەواو بە خێرایی تێدەپەڕن
دوور کەونەوە ، دوور کەونەوە ،
دوور کەونەوە
یادگارییە تێکشکاوەکان .

پار کە گەڵاکان زەرد هەڵگەڕان
گۆرانیم دەگوت
ئەوەی دەڵێ خواحافیز ،
وا دەزانێ دەتوانێ بگەڕێتەوە
ئەوانەی دەمرن
خەیاڵ دەکەن دونیایەکی نوێ دەست پێ دەکا
شتێک لە هۆزانی
گۆرانییە ڕۆمانسییەکان نەماوە ..
سەیری چاوم کە زۆر  جوان دەتبینن
لەمڕۆوە بەدوا
گوێ لە دڵم ، لە دووری و شێتییەتیم مەگرە .

بەقەد ماچان
ساڵ زۆر بە خێرایی تێدەپەڕن
دوور کەونەوە ، دوور کەونەوە ،
دوور کەونەوە
یادگارییە تێکشکاوەکان .

خۆر
دەڵێی ژەنیارێکی ڕەنگ زەردی پیانۆیە

که تەنێ
چەند وشەیەک — هەمیشە هەمان وشە–
دەچرێ
خۆشەویستم
ئەوە ئەوان ڕۆژانەت بیر دەخەنەوە
گەف و گوڕی تێدا نەبوون
کە پێکەوە لە (مۆنبارناس)دا دەژیاین
ژیان ڕۆیی
بێ ئەوەی پێی بزانین
ئێستا سەرما
شەوان دەگەڕێتەوە و
دڵ دوا دەکەوێ
بەقەد ماچان
ساڵ زۆر بە خێرایی تێدەپەڕن
دوور کەونەوە ، دوور کەونەوە ،
دوور کەونەوە
یادگارییە تێکشکاوەکان .

ئەو چوارینەی بەهۆی مۆسیقای غەمگینیەوە
بە دڵت بوو
کە وەک یاسەمەنێکی گوڵگرتوو پێم بەخشی

له ناخی یاداوەریەکانمدا بە قووڵی دەنووست
ئەمڕۆ لە دۆڵابە لەبیرکراوەکەدا
دەیهێنمە دەرەوە
لانی کەم خۆشت دەوێ
وەک ئەوەی بە گۆرانی دەیڵێین :
ئێلزا .. خۆشم دەوێی ، کارتێکەرم
ئەی سەربەگێچەڵەکەم

بەقەد ماچان
زۆر بە خێرایی ساڵ تێدەپەڕن
دوور کەونەوە ، دوور کەونەوە ،
دوور کەونەوە
یاداوەرییە تێکشکاوەکان .

ئەی لایلایەی کریستاڵ
چرپەی بەدواییەکدا هاتوو
ئەو ئاوازەی لەبەر خۆمان دەیڵێینەوە ..
وشەی وەک ئامێر
وێنەی جادوویەکی بێ ئاکام ناڵێتەوە
ڕۆژێ دێ
وشە لە فرمێسک پێکدەهێنین

ئای ..
با ئەو لاپەنجەرەیە دابخەین
کە بێ ئەوەی بیبیسین دادەخورپێ
ئەو ئاوەی لە شێوەی تنۆک
دەکەوێتە نێوانمان .

بەقەد ماچان
ساڵ زۆر بە خێرایی تێدەپەڕن
دوور کەونەوە ، دوور کەونەوە ،
دوور کەونەوە
یادگارییە تێکشکاوەکان .

**قاسم سعوودی**

---

- شووشەی براکەم
- کتێبی باڵداران
- پارچە زێڕێکی بچووک
- کۆتر
- ئێسقانی ڕەش
- دەتەوێ بەهەشت ببینی ؟

## شووشەی براکەم

براکەم منالّێکە لە شووشە
دایکم زۆری لە خەم دایە
بە عادەت
یاری بەسەر پشتی باوکمەوە ناکا ..
کە لەگەڵ منالآنی هاوسێدا بەشەڕ دێین
لە پەنا خۆمانی دەنێین
کە ڕادەکا چاودێری دەکەین
وەختێ دەشنوێ
ترسی ئەوەمان هەیە خۆی وەرگێڕێ و
دایکم خەمی پێوە بخوا ..
لە پێکەنینی ئێمە بەدەر
هیچ ناخوا
لە کاتێکا چێشتی نەکوڵاو
لە مووبەق دەدزین ..
بە درێژایی ڕۆژێ دەدرەوشێتەوە

بۆیە یەکسەر کچانی هاوسێ عاشقی دەبن ..
نەچووەتە قوتابخانە
نەبادا منداڵان بەردی تێ بگرن
زۆر حەزی لە جل و بەرگ نییە
بە ڕووتی دەچێتە سەر شەقام
براکەم کە لە شووشەیە
ئەمڕۆ جەنازەی شەهیدێکی بینی و شکا .

## کتێبی باڵداران

جارێ لە کتێبی باڵداراندا خوێندمەوە
چۆلەکەی مێینە
پاش نیو سەعات لە مردار بوونی
چۆلەکەی نێرینە
شوو دەکاتەوە ..
بەڵام ئەو چەند چۆلەکەی ماڵهاوسێمان

ئەوەیان نەکرد
دەیانگوت
شەرم لەو ژنە ڕەشپۆشە دەکەین
کە لە هەموو شەڕان هاوسەری دەمرێ و
پارچەیەکی گەورەی گەرم
لە ڕۆحی دەبا .

## پارچە زێڕێکی بچووک

ڕۆژێ لە ڕۆژان
دایکم پارچە زێڕێکی بچووکی هەبوو
بچووک  زۆر  بچووک
سەرباز لە وەختی شەڕدا لێیان ستاند
بابم ساڵێکی تەواو لە کێڵگەی گەنما
ماندوو بوو
تا ئەو پارچە زێڕە بچووکەی بۆ بێنێتەوە

که بوو بوو به گوللەیەکی گەرم و
سەربازێکی هۆ لە وێدا کوشت
دایکم ئێستا ئەو پارچەیەی بە بیر نایەتەوە
بەڵام زۆر جار لە خەون دا
تەرمی ئەو سەربازە ترساوە دەبینێ .

## کۆتر

لەسەر دەرگاکەیاندا نووسراوە شەهید
ژنەکەی لە ماڵەوە
بایەخێک بەوە نادا
چوون ئەو پیاوەی خۆشیویست
زۆر لەو مانایە فراوانتر بوو
وەک بنمیچێک چۆلەکەی لە بندا دەنوون
بێ ئەوەی هەڵبلەرزن
ئەو ئێستا

له ڕیزوەستانی  خانەنشینیدا
وێنەی کۆترێکی سەرگەردان بە تەنێیە
ئەو پۆلیسە گەمژەیە
چاوچاوانێی لەگەڵ دەکا ..
شوفێری تاکسیی چاولەدەریش
تەنانەت کۆنەفرۆشی جل و بەرگ و
تۆلازەکانی شار ،
هەمووان چاوبازی لەگەڵ دەکەن ..
ئەو بە تەنێ چاودێری هەموو ئەوانە دەکا و
سەری خۆی
بە کێلی گۆڕەکەیدا دەکێشێ ..

## ئێسقانی ڕەش

برادەرەکەم
کە زۆر دڵخۆش بوو  بە بووکەکەی

کچی سەوزەفرۆشەکە
دوای سێ هەفتە
لە شێوەی چەند پارچە  ئێسکێکی ڕەشداگەڕاو
بۆ بووکێ گەڕایەوە
ژنی بچکۆلە وەک دەستێکی بڕاو
لە جێی خۆیدا هەڵدەبەزی و دادەبەزی
دایکی لەسەر دارەمەیتەکە خەوی لێ کەوت
باوکی وەسەری خۆی ڕاهاتبوو
دوای ساڵێک
پێی بچکۆلانە
لە ژووری ژنەکەدا وەدەر کەوتن
هاواریان دەکرد : بابە بابە
برا بچووک بە قسەی بابی کرد و
بوو بە باوکی منداڵەکە
دایکی بچکۆلە
بە هاوسەری نوێی دڵخۆش بوو
زۆر دڵخۆش بوو ..

دوای دە  ساڵ
(شەڕ) بۆ تاوێ خەوت
برادەرەکەم بە زیندوویی گەڕایەوە
لە دەرگای دا
دایکی نەدیتەوە
ژنەکە وەک دەستی براو ڕادەپەڕی
باوکی لەسەری خۆی دەدا
برای بچووکی  وەک فرمێسکی من
کە ئەو دەقە دەنووسم
بەسەر چاودا کەوت .

## دەتەوێ بەهەشت ببینی ؟

دەتەوێ بەهەشت ببینی
بچۆرە بازاڕێکی میللی
مۆز و ئەناناس و سێوفرۆش واز لێ بێنە

**لای ئەو پیرەمێردە بوەستە**

**لەسەر ئەرز ڕاکشاوە**

**سندووقێک تەماتەی لە تەکە**

**سێ ڕۆژە ماوەتەوە ..**

**ئەوە بەهەشتە .**

---

**قاسم سعودی** ..... شاعیرێکی عیراقیە ساڵی 1969 لە بەغدا لەدایک بووە .
تا ئێستا زیاتر لە 5 کۆشیعری بڵاو کردووەتەوە ، لەوانە: (چرایەکی داخراو) و(کورسی ژەنیار) و (سەرکەوتن بەسەر پشتی باوکم دا) کە ئەم شیعرانە لەو کۆشیعرەوە کراون بە کوردی .

## چەند قەسیدەیەکی خۆشەویستی
## بۆ خیومار
### ئەنتۆنیۆ ماچادۆ(*)

(1)

نەمزانی
ئەوەی لە دەستتە
لیمۆیەکی زەردە
یا تاڵی هەتاوە خیومار !
لێوەکانتم لە تاڵە زێڕینەکاندا بینی
زەردەمسکە دەبنەوە بۆم ..

لێم پرسی چیم دەدەیێ
ئەو دەمەی دەستەکانت لە میوەیەکی

بێستانی گەشاوەدا

دەیچنن

یا ئێوارە وەختە ئارامە بۆشەکان؟

یا ون بوونی زێڕین ؟

یان ڕەنگە وێنەیەک بێ لە ئاوێکی وەستاودا ؟

یاخود بە سووتانی چیایەک بۆ ئەوی دی

زەردە دەپەڕێ ؟

ئایا خۆشەویستی
تاڵی خۆرئاوا
لە ئاوێنە ڕەنگ پەڕپوەکاندا دەشکێنێ ؟

(2)
خەونم پێوە دیتی خیومار
لە باخچەکەتدا بووی
ڕووبارت بە ژێردا دەڕۆیشتن
تۆ لەو باخچەیەتدا بووی
کە ڕۆژگارێکە
بە تامانی ئاسنینی ساردەوە
دەورە دراوە ..

چۆلەکەیەکم بینی تەنیا
بە نەرمی بەسەر درەختی  (ئالمیس)ـەوە
لە دەم ڕووباری پیرۆزەوە
کە تینوویەتی و سەرچاوەی  تیا
لە تینوویەتیان دەجریوێنێ ..

لەو باخچەیەدا  خیومار
باخێکی دی لە یەکگرتنی دڵەکانمان
لەدایک دەبێ ..
کاتمان
لە ناویەکتردا دەتوێنەوە و
پێکەوە هێشووی خەون
لە قەدەحی بێگەردماندا
دەگووشین
ئیتر چیرۆکی دووانەمان لەبیر دەکەین

یەکەمیان

( لەبارەی پیاو و ژنێک

کە وەک ئاسک و شێر وان

هاتوون پێکەوە بخۆنەوە

ئەوی دی دەڵێ :

خۆشەویستی بەختیاوەر نییە

دوو تەنیاییە لە تەنیاییەکدا )

شاعیرەکە بیرت لێ دەکاتەوە خیومار !

ماوەی بەینیشمان

لە لیمۆ و وەنەوشەیە

کێڵگەکان هێشتا کەسکن

وەرە لەگەڵم خیومار !

چیا لە هێللانەوە بەرەو لێڕی داربەڕوان

قووتمان دەدا ..

ڕۆژ لە ڕۆیشتنیدا ماندوو دەبێ

شەمەندەفەری ئێمەش دەڕوا
بێدەنگی لەگەڵ ڕۆژدا هەڵدەلووشێ و
ڕیتم بەرەو سێبەر دەبزوێ و
( خوادامارا)یش
ڕەنگی زێڕینی بزر دەکا
چوون شازادە و عاشقەکەی
پێکەوە هەڵدێن و
مانگیش هەناسەسوار بە دوایانەوەیە ..

شەمەننەفەر ون دەبێ و
لە جەستەی شاخ دا فیشکەی دێ ..

خاک نەزۆک و ئاسمان بڵند
لە پشت چیای گرانێت و
پشت چیای بازڵت
ئەوەتا دەریای دیماهی نەهاتوو
با پێکەوە بڕۆین
ئەوە ئازادی یە .

(3)

لە فارغۆنی شەمەننەفەرەکەوە بۆت دەنووسم
لە کاتی ژووانی وەهمیدا
کە تەلان پەلکەزێڕینە لە بادا دەشکێنێ و
خەمیشی بەسەر پشتی چیاوە دەقڵیشێ ..

خۆر و زەنگەکان لە قوللە کۆنەکانیانن
ئای لەو بانگی شێوانە هێمن و بژوێنە
ئای لەو ئێوارە منداڵانەیەی

شاعیرەکەت خۆشی ویست

ئای لەو ڕۆژە ... ڕۆژی گەنجی

کاتێ جەستەیەک بووم

لە ڕەنگی گوڵ لە کەناردا .

---

(*) ئەنتۆنیۆ ماچادۆ ، شاعیری ئیسپانیایی 1875 لە ئەشبیلیا لە دایک بووە ، 1903 یەکەم کۆشیعری بڵاو کردووەتەوە کە بە قەڵەمبازێک لە شیعری ئیسپانیایی لە قەڵەم درا . لە 1898 کۆشیعری دووەمی لە ئەندەلووس بڵاو دەکاتەوە دەگووترێ بە شاعیرانی ئەندلووسەوە کاریگەر بووە ، هەروەها بە ( ئیبنی عەرەبی) و هەندێ لە شاعیرانی عەرەب .

●بۆ شیعرەکانی **عەبدولوەهاب بەیاتی** بڕوانە: ( عبدالوهاب البياتی – الاعمال الشعرية ) بڵاوکردنەوەی ( المؤسسة العربية للدراسات والنشر – بيروت )چاپی 1995 بەشی یەکەم و دووەم .

●شیعرە ئەفغانییەکان هەموویان لە (انطولوجيا الشعرالافغاني الحديث) بڵاوکردنەوەی دەزگای (المدى) چاپی یەکەم 2021 .

●**جوبران خەلیل جوبران**( نەی )یم بدێ لە ماڵپەڕی :
https://fairouziyat.com/lyrics/%D9%82%D8%B5%D8%A7%D8%A6%D8%AF/%D8%A3%D8%B9%D8%B7%D9%86%D9%8A%20%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%A7%D9%8A.html

– ئێوە لوبنانی خۆتان هەیە ... لە کتێبی ( جبران خليل جبران بايجاز ) ئامادەکردنی: وزحاء فخري طالب – بڵاو کردنەوەی دەزگای بەیسان – بێرووت – چاپی دووەم 2002 .

●**جەلالەددینی ڕۆمی** لە ماڵپەڕی ( القصيدة كوم)
https://www.alqasidah.com/epoem.php?ie=1793

●**چارڵز بۆکۆفسکی** لە ماڵپەڕی ( القصيدة كوم)ـەوە .
بڕوانە :
https://www.alqasidah.com/epoem.php?ie=7918

●**سیلیڤیا بلاس** لە ماڵپەڕی ( القصيدة كوم ).
بڕوانە:
https://www.alqasidah.com/epoem.php?ie=3745

●**فازڵ عەززاوی** لاپەڕەی فەیسی شاعیر بڕوانە:

https://arar.facebook.com/%D9%81%D8%A7%D8%B6%D9%84%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B2%D8%A7%D9%88%D9%8A-/Fadhil-Al-Azzawi-753364701447926

هەر دوو دەقی (ئاهەنگ و کەدواجار بەربەرەکان ..)

لەم دوو ماڵپەڕەی خوارەوە کراون بە کوردی .

بڕوانە :

https://albaleegh.com/poet/%D9%81%D8%A7%D8%B6%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B2%D8%A7%D9%88%D9%8A/poem/%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%81%D9%84%D8%A9

هەروەها :

https://archive.alsharekh.org/Articles/194/20548/466320

هەروەها :

https://albaleegh.com/poet/%D9%81%D8%A7%D8%B6%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B2%D8%A7%D9%88%D9%8A/poem/%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%81%D9%84%D8%A9

● **فلەیحە حەسەن**- ئێمە کە بە خێرایی شەڕ گەورە

بووینلە ماڵپەڕی ( الحوار المتمدن)ـەوە ژمارە 4597 لە 2014/10/8.

بڕوانە :

https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=436179

- بەر لەوەی مەیسوون شەهید بێ

لە ( الحوار المتمدن)ـەوە ژمارە 4605

بڕوانە :
https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=437491

- ئەگەر کۆلۆمبس ئەمەریکای نەدۆزیبایەوە
https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=445702

● **کوستەنتین کافافی** لە ماڵپەڕی (القصیده کوم)ـەوە.بڕوانە :
**https://www.alqasidah.com/epoem.php?ie=137**

● **فۆرتێسا لاتفی** لە ماڵپەڕی (القصیده کوم)ـەوە .
بڕوانە :
https://www.alqasidah.com/epoem.php?ie=4618

● فێرناندۆ پێسووا ئەم 50 چوارینەیە لە ماڵپەڕی (القصیدة کوم)ـەوە کراون بە کوردی
بڕوانە :
https://www.alqasidah.com/epoem.php**?ie=2630**

● **عەدنات موحسن** (بۆ دەقی شیعرەکان بڕوانە :
https://elaph.com/Web/Archive/1030465125168131400.html

هەروەها https://elarabielyoum.com/show240281

(**) بۆ دەقی تێکستەکانی **محمەد ئەلقلینی** بڕوانە:
https://antolgy.com/astaykud-fe-alsadesa-/kalmutad

هەروەها :
https://elarabielyoum.com/show82108
http://mahertolba62.blogspot.com/p/blog-page_82.html

● قەسیدەکەی **جاک بریڤێر** ( باربارا)

له ماڵپەڕی گۆڤاری (نور)ـەوە کراوە بە کوردی .
بڕوانە :
http://nouron.blogspot.com/2018/08/blog-post_25.html

● **شار چۆل ..شەقام چۆل**
(**) لە ماڵپەڕی (گنجینەی بهترین اشعار)ـەوە کراوە بە کوردی جێی باسە گۆرانییەکە دوو بڕگەی دوایی تێدا نییە . بڕوانە:
http://jeyhoon20.blogfa.com/post/2282

● **ئاراگۆن** لە (القصیده کوم)ـەوە بڕوانە :
https://www.alqasidah.com/epoem.php?ie=1180

● **قاسم سعودی** بڕوانە : قاسم سعودی (الصعود علی ظهر ابي) چاپی یەکەم 2016 بڵاو کردنەوەی دەزگای (مسعی) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە کەنەدا بە هاوکاری دەزگای (العنوان)ی (الشارقة) .

● **ئەنتونیۆماچادۆ** ئەم قەسیدەیەی ماچادۆ لە ماڵپەڕی (دیوان العرب)ـەوە کراوە بە کوردی
بڕوانە :
**https://www.alqasidah.com/epoem.php?ie=5127**

●

## هەوڵەچاپکراوەکان



### 1) لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا :

- *ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد* ـ 1984بەناوی خوازراوی (پاکزاد محمد کریم)،چاپکردن و بڵاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (لەشاخ ).

ـ چاپی دووەم بەناوی سەریحی خۆم ، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین1991.

- *پرۆژەیەک بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی* ـ لێکۆڵینەوە ـ گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بەغدا ، پایزی1986.
- *هەڵەی چاپ ، ئەمڕۆ و ئاسۆی دوارۆژ* ـ لێکۆڵینەوە ـ بە دوو بەش ، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا 1988
- *وێنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بەکارهێنانیان لەڕۆژنامەگەریی کوردی دا* ـ لێکۆڵینەوە ـ بەسێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە 85و86و87)ی1990.
- *برایەتی: یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا*. لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا ـ یەکەم گۆڤاری (یەکگرتن) ـ هەندەران (دانیمارک) 1991

ـ چاپی یەکەم بەکتێب چاپخانەی خەبات1991. چاپی دووەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر 1997. چاپی سێیەم 2021 بڵاو کردنەوەی رۆژنامەی (خەبات).

- *ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان ( ئاداک ـ ADAK )* پــرۆژەی دامەزرانــدن وبەڕێــوەبردن ـ لێکــۆڵینەوە ـ رۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە1993 ،

ـ چاپی یەکەم بە کتێب هەولێر1993، چاپی دووەم بەکتێب چاپخانەی خەبات دهۆک1997،چاپی سێیەم هەولێر2005.

- *درەختی بنکۆڵ کراو*:پەنجەنماییکی رۆژنامەنووسییانە بۆ باری رووناکبیری و کلتووریی کوردی ـ چاپی یەکەم کوردستان1995، چاپی دووەم سوید1996،چاپی سێیەم ـ هەولێر2006.
- *ئــازادی لە بەهــاری تەمەنیــدا*، وتــار لە بــارەی رۆژنامەنووســـــییەوە ، چــــاپی یەکەم هەولێـــــر ـ کوردستان2005.
- *رۆژنامەگەریی کوردی ـ چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی تەکنیک و هونەرەکانی* ، چاپی یەکەم هەولێر1999، چاپی دووەم 2006.
- *شــار لە هەڵبــوون وکوژانەوەیــدا* ـ وتــاری رۆژنامەنووسیی چاپی یەکەم 2005.
- میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا چاپی یەکەم ـ 2020

**2) شیعر**

- *ئەوشــەوانەی خەوم نــایێ* : چاپخــانەی (النعمــان) نەجەف ـ1977
- *تاڤگەی مەند* . چاپخانەی (شفیق) بەغدا ـ 1987 .
- *چەنــدکۆتەڵێکی جەنــازەیی*: چــاپی یەکــەم ئیتاڵیــا 1994 ، چاپی دووەم کوردستان دهۆک 1995 .
- *هەندێ لەوشوێن پێیانەی بەسەرشەختەدا مابوونەوە* ـ چاپی یەکەم کوردستان 2005.
- *تاڤگەی مەند و ئەوانیتر* ـ کۆی 4 کۆشیعر پـێکەوە ـ چاپی یەکەم کوردستان2005.
- *بەو ڕێیانەدا تێپەریم لەو کانییانەم خواردەوە* ـ چـاپی یەکەم2010.
- *ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو* ـ چاپی یەکەم 2015.
- *کەویە بەفرەکـانی دۆزەخ* ـ چـاپی یەکەم کوردســتان 2016
- *تەلارسـاز و هەنـدێ لە زینـدەخەونەکانی* .. ـ چـاپی یەکەم 2018
- *کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات* چاپی یەکەم2020 .
- (*شرفە*) بەزمانی عەرەبـی ، چـاپی یەکەم چاپخـانەی خەبـات دهـۆک 1998 ، چـاپی دووەم بەکـوردی بەنـاوی (*گەمە شـاراوەکانی بـا*) بەوەرگێڕانــی ڕەوانشــاد نەجـات حەمید ئەحمەد و پێداچوونەوەی نووسەر 2008.
- ( *و طن في حـ بة ر مان* ) کۆشــیعری هــەڵبژاردە ـ بــە وەرگێڕانــی : محەمــەد حســێن ئەلمهنــدس بـۆ عــەرەبی چاپی یەکەم 2021 .

### 3) لەبواری وەرگێڕان دا

- *نووستوی بەرباران*: شیعرلەفارسییەوە - چاپی یەکەم بەغدا1980 ، چاپی دووەم بەزیادکراوییەوە - هەولێر_ کوردستان2005 .
- *ڕێگاوبان* ، پێنج چیرۆکی درێژ و شانۆنامەیەک لەنیکۆلای خایتۆفەوە - چاپی یەکەم،چاپخانەی (الحوادث) بەغدا1983بڵاو کردنەوەی کتێبخانەی (حەیدەری) ، چاپی دووەم هەولێر - دەزگای موکریانی2005
- *سەرەتایێک بۆتێگەیشتنی هونەری شێوەکاری*. چاپی یەکەم چاپخانەی (حسام) بەغدا 1986.

چاپی دووەم - هەولێر_ دەزگای موکریانی2005. چاپی سێیەم - هەولێر2015.

- *چەندنامەیەک بۆ تارانتابابۆ*: نازم حیکمەت ، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە .چاپی یەکەم - چاپخانەی (الزمان)بەغدا1990 ،چاپی دووەم - سوید - کتێبخانەی ئەرزان. چاپی سێیەم کوردستان2005 .
- *دایکی کورد* - دانییل میتران وەرگێڕان لەعەرەبییەوە،چاپی یەکەم1996 ، چاپی دووەم2011 .
- *شەوانی بۆشایی* - شیعر ، چاپی یەکەم - کوردستان2010 .
- *سترانبێژی شەقام* - شیعر - چاپی یەکەم 2016
- *خەونمان بۆ زستان دی* - شیعر - چاپی یەکەم 2018
- (*ئێمەکەبەخێرایی شەڕ گەورە بووین*) شیعر چاپی یەکەم 2022.

**4) پیشانگاکانی کۆلاژ ناوەرۆکی 6 پیشانگا**

- *پایزی چاوەکان* ، کۆلاژ لەتاراوگەی شیعردا وەزارەتی ڕۆشنبیری - هەولێر1998
- *چاوەکـــان هەمیشـــە چاوەکـــان ، کـــڵاورۆژنەیەک لەشەختەدا*، وەزارەتی ڕۆشنبیری1999
- *دیســـــان چاوەکـــان* - چاپخـــانەی وەزارەتـــی ڕۆشنبیری2005 .
- *ساوی شتان لەفۆتۆگراف دا* ، چاپی یەکەم2008 .
- *هـونەری کـۆلاژ - مێـژوو .. تەکنیـک .. ئەزمـوون* - چاپی یەکەم کوردستان 2018.
- *دیـدار لەبـارەی شـیعر و ڕۆژنامەنووسـییەوە* - چـاپی یەکەم 2018
- بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراو و نووسینی دیکە لەکات وشوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی .

●

## لاپەڕەبەندی شاعیرەکان


- عەبدولوەهاب بەیاتی............ ل 7
- ئانا ئەخماتۆڤا................ ل 49
- شاعیرانی ئەفغانستان............ ل 57
- جوبران خەلیل جوبران............ ل 89
- جەلالەددینی ڕۆمی............... ل 105
- چاڕلز بۆگۆفسکی................ ل117
- سێلیڤیا پلاس.................. ل131
- فازڵ عەززاوی.................. ل139
- فلیحە حەسەن.................. ل153
- کوستەنتین کافافی.............. ل173
- ڕووپی کاور.................... ل183
- فۆرتیسا لاتفی.................. ل191

- فێرناندۆ پێسووا.................ل201
- عەدنان موحسن................ ل 222
- محەمەد ئەلقلینی................ ل237
- جاک بریڤێر...................... ل251
- ئەمیر جان سەبوور...............ل256
- لویس ئاراگۆن.....................ل265
- قاسم سعوودی.................. ل273
- ئەنتۆنیۆ ماچادۆ................ ل282

# We ; Who Grew up at the Speed of War

*A Collection of World Poetry Translated into Kurdish*

*by*:
***Nazhad Aziz Surme***

***First edition***
***Kurdistan - 2022***

**We ; who Grew up**
**at the Speed of War**

A Collection of World Poetry
Translated into Kurdish

**by:**
**Nazhad A. Surme**

First edition
Kurdistan - 2022

Éme Ke be Xeray Şer
Gewre buin
Wergerandin bu Kurdî
Najad A.Surmé

